کۆمەڵە

# شۆڕش

ئۆرگانی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

دەورەی دووەم - ژمارە (٩) سەرماوەزی ١٣٨٠ ی هەتاوی ٢٠٠١ی زایینی | No(9) DEC. 2001


# ژمارەی تایبەتی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە

## سەبارەت بە
## پێویستیی گۆڕانی ساختاری سیاسیی ئێران بۆ وڵاتێکی فیدراتیڤ

**پەسەند کراوی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە**

**پووشپەڕ- گەلاوێژی ١٣٨٠**

لەبەر ئەوەی ئێران وڵاتێکی یەك چەشنی تاك نەتەوەیی نیە بەڵکوو وڵاتێکی زۆر بەرینە بە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەوە، کە چەندین نەتەوە، زمان، فەرهەنگ و هەل و مەرجی ئیقلیمی جۆراوجۆری گرتوەتە خۆی و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە لە باری پێش کەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوە لە ئاستی جیاوازدان و، ئەوە راستی‌یەکە لە بەرین بوون و هەمەچەشن بوونی ئیمپراتۆری‌یەکانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستی ئەم وڵاتەوە سەرچاوەی گرتوە،

لە بەر ئەوەی دەوڵەتی هاوچەرخی ئێران، کە لە سەردەمی رەزاشا و دامەزرانی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوییەوە لە ئێران هاتووەتە ئاراوە، لە سەر بنەمای کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و لە سەر بنەمای ستەمی نەتەوایەتی دامەزراوە و لە هەشتا ساڵی رابوردوو دا، چ لە سەردەمی پاشایەتی دا و چ لە سەردەمی دەسەڵاتی هێزی دینی دا، لە کردەوە دا قەڵای زۆرداری و کۆنەپەرستی بووە بەرانبەر بە هەموو بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە.

لە بەر ئەوەی بەرژەوەندەکانی دیمۆکراسی و دابین کردنی بەشداریی جەماوەری خەڵك لە بەڕێوەبردنی وڵات دا و دیمۆکراتیزە کردنی ساختاری سیاسیی ئێران، ئەوە دەخوازێ کە ئەو ساختارەی بەڕێوە بردنی وڵات کە تێیدا هەموو دەسەڵات لە ناوەند کۆ کراوتەوە، بگۆڕدرێ و ناوچە و مەڵبەندە جۆراوجۆرەکانی وڵات دەسەڵاتیان پێ بدرێ، لە بەر ئەوەی گەلانی جۆراوجۆری دانیشتووی ئێران دەیان ساڵە لە ژێر چەپۆکی ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی دان و مافەکانیان پێشێل دەکرێ، بە رەسمی ناسینی مافی ئەو گەلانە و دانانی رێگاو شوێنێك کە ئەم مافانە بە شێوەی یاسایی زەمانەت بکرێن و ئەم هەڵاواردن و نابەرابەری‌یانە کۆتایی‌یان پێ بهێندرێ، دەبێتە هۆی ئەوە کە هەموو خەڵکی ئێران خۆیان بە پارێزراو بزانن و لە ناویاندا هەستی هاوچارە نووسی بەرز دەکاتەوە و هەر بەم بۆنەیەوە دەبێتە هۆی بەهێز بوونی پەیوەندی برایانە و بەهرەمەندی لە مافی یەکسان و لاوازبوونی زەمینەی کینە و دوژمنایەتیی نەتەوەیی و قەومی، لەبەر ئەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە دەیان ساڵ لەوە پێشەوە داواکاری نەمانی ستەمی نەتەوەیی و بەهرەمەندی لە مافە نەتەوەیی‌یەکانی خۆی بووە و بە تایبەت لە کاتی هاتنە...

ل١٠

## ئامانجەکان و ستراتیژی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان دا

**پەسەند کراوی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە**

**پووشپەڕ – گەلاوێژی (١٣٨٠)**

فەسلی یەکەم- کێشەی کورد لە ئێران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان

١- ئێران وڵاتیکی فرەنەتەوەیە کە تێیدا ستەمگەریی نەتەوەیی لە خزمەت پاراستن و پتەوکردنی دیکتاتۆری و زۆرداری، سەرکوتکردنی داواکان و بزووتنەوە رەواکان، پێکهێنانی دووبەرەکی و دوژمنایەتی لە نێوان کرێکاران و زەحمەتکێشان دا و پەرەپێدانی دەمارگیری و رقەبەری، بەربەست کردنی رێگەی گەشە و هەڵدانی ئازادانەی سیاسی و رۆشنبیریی کۆمەڵگای ئێران و، پاراستن و پتەوکردنی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و ئەمپریالیزم دا بووە و هەیە. ...

ل٢

## لەم ژمارەیەدا


*پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ل ٤

*بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی فیدراڵ ل١٤

*سەبارەت بە کار لە ناو کرێکارانی کوردستان دا ل١٦

*سەبارە ت بە جێگا و شوێنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو حیزبە ل٧

*دەبارەی گیرۆدەیی بە مادده سڕکەرەکان و خەبات بەرانبەری لە کوردستان ل١١

*سەبارەت بە هەڵسووڕان لە نێو ژنانی کوردستان ل٩

*سەبارەت بە بزووتنەوەی نوێی رۆشنبیری لە کوردستان ل١٢

٢- نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی زۆرلێکراوە کە لە ئەنجامی دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی جیهان لە نێوان دەوڵەتانی ئەمپریالیستی دا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا دابەش کراوە و مافی پێکهێنانی دەوڵەتی نیشتمانیی لێ زەوت کراوە. بوونی ستەمی نەتەوەیی لە پاڵ دڕندانەترین شێوەی سەرکوت کردن دا، هەمیشە هۆیەك بووە بۆ دواکەوتوویی ئابووری و ڕۆشنبیریی ئەم نەتەوەیە.

گەلی کورد گەلێك جار لە دژی ئەم ستەمگەرییە نەتەوەییە و بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس هاتووەتە مەیدانی خەبات و بەرەنگاربوونەوە. ئەم خەبات و بەرەنگاربوونەوانە کە ڕاستەوخۆ لە دژی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکانی ناوەند بوون، لە ڕابوردوودا سەرۆك عەشیرەتەکان، شێخەکان، دەرەبەگەکان و دواتر هێزە بۆرژواییەکان ڕێبەرایەتییان کردوون. ئەم هێزانە لە کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندی زەحمەتکێشان ناتەبا بوون و ستەمیان لێ دەکردن، لە ڕێبەرایەتی کردنی خەباتی نەتەوەییش دا ڕاڕا و ناپەیگیر بوون و جاری وابووە لەگەڵ چینە ستەمگەرەکانی نەتەوەی باڵادەست لە دژی جەماوەری زۆرلێکراو ڕێك کەوتوون.

٣-زاڵبوونی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و ئاڵ وگۆڕە کۆمەڵایەتییە بەرینەکانی کە بە دوویدا هاتن، لە چەند دەیەی ڕابوردوودا، ئەنجامی سیاسی و ڕۆشنبیریی گەورەی لە کۆمەڵدا لێ کەوتووەتەوە ، زەمینەی وشیاربوونەوە و هاتنە مەیدان و ڕێکخراوبوونی چینی کرێکاری هەرچی زیاتر پەرەپێداوە و، دەور و گرینگیی کۆمەڵایەتیی ئەو چینەی گەلێك زیاتر کردوە و، بەم جۆرە بناغەی ماددیی ڕێبەرایەتی چینی کرێکار و حیزبی سیاسیی ئەو چینەی لە بزووتنەوەی کوردستان دا پێك هێناوە.

سەرهەڵدان و گەشە کردنی کۆمەڵە، خۆی حاسڵی ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵاتییە تازەیە بووە و، پەیوەندێکی تەواوی بووە لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگەی کۆن و باب مەزنانە، سەرهەڵدانی بەرینی چینی کرێکار، شارنشینیی تازە، پەرەگرتنی خوێندنی گشتی، زیادبوونی دەوری ژنان و لاوان و، بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵك لە ژیانی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵە هێزێکی تازە بوو کە لە زەمین و زەمانی ئەم ئاڵ و گوڕە کۆمەڵایەتییەدا، لە لایەك لە ژێر تیشکی ڕادیکاڵیزە بوونی کەش و هەوای سیاسیی ئێران و گرسانی چەپێکی شۆڕشگێڕ لە ئێران لە کۆتایی شەستەکانی زایینی‌دا و، لە لایەکی‌دیکە لە ژێر تیشکی هەل و مەرجی تایبەتی کۆمەڵگای کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، پێك هات و گەشەی کرد. هاتنەمەیدان و هەڵسووڕانی بەرینی کۆمەڵە وەك هێزێکی چەپ و پێشڕەو، کە داهێنەری فەرهەنگێکی سیاسیی جیاواز و نوێ و سیاسەت و ڕێبازی خەباتکارانەی تازە بوو و، ئەو بنکە جەماوەرییە بەرینە کە لە ئەنجامی ئەم هەڵسووڕانەدا بە دەستی هێنا، بەش بە حاڵی خۆی کاری کردە سەر کۆمەڵگای کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و، کاری کردە سەر چەپی ئێرانیش.

سەرهەڵدان و هەڵسووڕانی کۆمەڵە، شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر ڕەوتی وشیاربوونەوە و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بەجێ‌هێشت بە جۆرێك کە هێنانەگۆڕی مەسەلەکانی پەیوەندی‌دار بە کرێکاران و مافەکان و خەباتیان لە کوردستان، لەگەڵ ناو و هەڵسووڕانی کۆمەڵە تێکەڵ بووە. هەروەها کۆمەڵە لە بواری دیکەش دا، وەك بایەخ پێدان و پشت بەستن بە هەنگاوەکانی جەماوەر و بزووتنەوە جەماوەرییەکان، داکۆکی کردن لە جووتیارانی زەحمەتکێش، داکۆکی کردن لە دیمۆکراسی و لە ماف و ئازادییەکانی خەڵك و شارۆمەندان، ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی مەسەلەکانی بزووتنەوەکە بە کۆمەڵانی خەڵك و داکۆکی کردنی لێبڕاوانە لە مافەکانی خەڵکی کوردستان، داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان و، لە بواری دیکەی لەم بابەتەدا ناوەرۆك و شێوازی تازە و پێشکەوتنخوازانەی بە بزووتنەوەی گەلی کورد بەخشیوە و، لەم مەیدانانەدا دەورێکی حاشاهەڵنەگری بووە و گەلێك لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کوردستان لەم بوارانەدا بەرهەمی هەڵسووڕانی ڕەوتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستیی کۆمەڵەن.

بەم جۆرە کۆمەڵە وەك حیزبی پێشەنگ و ڕابەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، لە دژوارترین هەل و مەرج دا و بە دانی هەزاران قوربانی، لە ڕیزەکانی پێشەوەی ئەم خەباتەدا ئامادە بووە و، لە مێژوویی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد دا جێگەیەکی بۆ خۆی مسۆگەر کردوە کە لە سڕینەوە نایە.

٤- زیاتر لە بیست ساڵ دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامی، گەلێك مەینەتی ئابووری و بژێوی و سیاسی و فەرهەنگیی گەورەیی بەسەر هەموو خەڵکی ئێران هێناوە و، ئێرانی کردووەتە دۆزەخێکی گەورەی ستەم و هەڵاواردن و سەرکوت. دەسەڵاتدارییەتی ئەم حکوومەتە لە کوردستان هاوتا بووە لەگەڵ هەڵاواردن و بێ‌مافییەکی بەرینی نەتەوەیی و فەرهەنگی، بەڕێوەبردنی سیاسەتی هەڵاواردن لە بواری گەشەپێدان و ئاوەدانیدا، دووبەرەکی‌نانەوەی مەزهەبی، پەرەپێدانی گیرۆدەیی بە ماددە سڕکەرەکان، سانسۆر و دانانی قەدەغە و قۆرغی جۆراوجۆر، داگیرکردنی چەکدارانە، چەکدارکردنی زۆرەملی، ڕاگواستن، دوورخستنەوەی خێزانەکان، گرتن و شکەنجە و تیرۆر و، کوشتن و لە سێدارەدان.

لە ٢٨ی مانگی گەلاوێژی ساڵی١٣٥٨ی هەتاویدا، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە بیانوویی پووچ و بە بێ گوێدانە داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و بە بەربەست کردنی هەموو ڕێگا چارەیەکی سیاسی، کوردستانی دایە بەر هێرشێکی هەمەلایەنەی چەکدارانە و لەشکرکێشی‌یەکی بەرین، کە ئەم داگیرکردنە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. لەم ماوەیەدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەستی لە هیچ کوشتار و وێرانکاری‌یەك نەپاراستووە و لە ستەم و زۆرداری هەرچی لە دەستی هاتووە کردوویەتی. بەڵام مێژووی بیست ساڵی ڕابوردوویی کوردستان لە هەمان کاتدا، مێژووی ڕاوەستان و خۆڕاگریی خەڵك بووە و زیاتر لە بیست ساڵ سەرکوتکەری و کوشتار نەیتوانیوە ئیرادەی کۆمەڵانی گەلی کورد تێك بشکێنێ و وایان لێ بکا کە دەست لە داوا ڕەواکانیان هەڵگرن.

هەر لە سەرەتای هێرشی حکوومەتەوە بۆ کوردستان، بزووتنەوەیەکی بەرینی خۆڕاگریی سیاسی و چەکدارانە بەرپا بوو. لەو کاتەوە تا ئێستا کوردستان گەلێك شانۆی شکۆداری خۆڕاگری و کۆڵنەدانی خەڵکی خەباتکاری لە شێواز و مەیدانی جۆراوجۆردا بە خۆوە دیوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان لەم ماوەیەدا بە گەلێك هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە و شانۆی خەباتی جۆراوجۆر بووە، لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکانەوە بگرە هەتا ڕاپەڕینی شارەکان و خۆڕاگریی شکۆداری جەماوەری، لە شەڕی قارەمانانەی هێزی چەکداری شۆڕشگێڕەوە بگرە هەتا کۆچی بەکۆمەڵ بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین و هەتا وت وویژ لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت و سەرەنجام هەتا شەپۆلی تازەی خۆپیشاندان و ئاخێزە جەماوەرییە بەرینەکانی ئەم ساڵانەی دوایی شارەکانی کوردستان، بەڵام هەرگیز سەری تەسلیم بوونی دانەنەواندوە و، دەسەڵاتدارییەتی کۆنەپەرست نەیتوانیوە دەستەمۆی بکا و، خامۆشی نەیتوانیوە باڵی بەسەردا بکێشێ. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای هەموو زەبروزەنگ و سەرکوتکەری و داگیرکەرییەکانی، سەرکەوتنێکی سست و لەرزۆکی بەدەست هێناوە و، نەك هەر ل٣

www.iran-archive.com

مەسەلەی کوردستانی چارەسەر نەکردووە، بەڵکوو ئەم مەسەلەیە بەتەوژم تر و بەهێزتر لە هەمیشە لە بەرانبەر ئەو حکوومەتە دا خۆ دەنوێنێ.

کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا وەخەبەرهاتنێکی سیاسی و رۆشنبیریی تازەی بە خۆوە دیوە. جەماوەری بەرینی خەڵك و بە تایبەت لاوان، کە لە بێکاری و هەژاری و هەڵاواردن و ستەم وەگیان هاتوون و داهاتوویان لێ تاریك بووە، جم و جۆڵێکی خەباتکارانەی تازەیان دەست داوەتێ. ترس لە رژیمی دیکتاتۆریی دینی جێگەی خۆی داوە بە بووژانەوە و سەرهەڵدان و حەقخوازی و، شەپۆلی ئەم خەباتە رۆژبەرۆژ مەودای تازەتر دادەگرێ. هاوسەنگیی نێوان هێزی خەڵك و دەسەڵاتدارەتی لە کوردستان خەریکە بە قازانجی خەڵك دەگۆڕێ. زیاتر لە بیست ساڵ هەڵاواردن و سەرکوت نەك هەر خەڵکی کوردستانی نەبەزاندووە، بەڵکوو بووەتە هێزێکی خەباتکارانەی پەنگ خواردوو کە لە هەموو رووداوێك دا خۆی نیشان دەدا و لەوانەیە لە هەل و مەرجی گونجاودا وەك تەقینەوەیەکی سیاسی سەر هەڵبدا.

***فەسڵی دووهەم- ئامانجەکان و ستراتژیی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد دا***

٥- مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد، ئەگەرچی لایەنی ئابووری و فەرهەنگی و هی‌دیکەی هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا ریشەی لە پێك نەهاتنی دەوڵەتی میللی و بەدی نەهاتنی مافی چارەنووسی ئەم نەتەوەیە دایە و هەر بۆیە مەسەلەیەکی سیاسی‌یە کە ناوەرۆکەکەی بریتییە لە بەدیهێنانی دەسەڵاتدارەتیی خەڵکی کوردستان بەسەر خاکی خۆیدا.

ئامانجی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد دا بریتییە لە نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، رامالینی دەزگا سەرکوتگەر و بۆرۆکراتیکەکانی حکوومەتی ناوەندی، بەدیهێنانی دەسەڵاتدارەتیی خەڵکی کوردستان بەسەر خاکی خۆیدا، پەرەپێدانی ئازادییە سیاسی‌یەکان و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و، پێکهێنانی حکوومەتێکی فیدراڵ کە نوێنەری دەسەڵاتدارەتیی خەڵك و پارێزەری بەرژەوەندەکانی کرێکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان بێ.

٦- ئێمە لایەنگری یەکسانی مافی نەتەوەکان، هەڵوەشانەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردن و ستەمێکی نەتەوەیی و، دژ بە پێکهینان و هاندانی هەرچەشنە رقەبەری و دوژمنایەتییەکی نەتەوەیین و خوازیاری نەهێشتن و قەدەغە کردنی هەر چەشنە دەست درێژییەك بۆ سەر مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانین. هەر لەم پێناوەدا، ئێمەبۆ برەو پێدانی رۆحی برایەتی و هاوکاریی نێوان زەحمەتکێشانی گەلانی جۆراوجۆری ئێران و خەبات بەرانبەر بە هەر چەشنە بەرچاوتەنگی و دژایەتییەکی نەتەوەیی و قەومی و ئایینی تێدەکۆشین. ئێمە بە پێی جیهان بینی و بەرنامەی سۆسیالیستیی خۆمان، مافی هەموو میللەتانی دانیشتووی ئێران بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، یانی ئازادیی ئەو نەتەوانە لە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا بە رەسمی دەناسین. لە هەمان کاتدا ئێمە خوازیاری یەکگرتنی ئازادانە و برایانەی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران لە پێکهاتەیەکی سیاسیی فیدراتیڤداین و لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئەم یەکگرتنە بە قازانجی دیمۆکراسی و بە قازانجی جەماوەری زەحمەتکێشە.

کۆمەڵە هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی هەموو هێزە چەپ و ئازادی‌خوازەکان و لایەنگرانی راستەقینەی دیمۆکراسی لە ئێران، پشتیوانی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و لە داخوازە رەواکانی خەڵکی کوردستان بکەن. کۆمەڵە لە دیاریکردن و داڕشتنی پەیوەندەکانی خۆیدا لەگەڵ ئەو هێزانە، ئەو پشتیوانییە لەبەرچاو دەگرێ.

٧- کۆمەڵە بۆ دەست کۆتاکردن و وەدەرنانی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و دامەزراندنی دەسەڵاتدارەتیی دێمۆکراتیکی راستەخۆی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان، بۆ پێکهاتن و بەهێز کردنی شووراکرێکاری و خەڵکییەکان، بۆ پێکهاتن و بەهێز کردنی سەندیکاکان و رێکخراوە کرێکاری‌یەکانی دیکە، بۆ دەستەبەر کردنی یاسای کارێکی پێشڕەو، بۆ هێناگۆڕی و بەرەوپێش بردنی هەر هەنگاوێک کە خزمەت بە باش بوونی ژیانی ماددی و مەعنەویی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بکا، بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەر چەشنە جیاکاری و هەڵاواردنێك لە نێوان ژن و پیاودا و بۆ یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو و بۆ هێنانە مەیدانی هێزی گەورەی ژنانی زۆرلێکراو لە خەبات دا لە پێناو ئازادی و بەرابەریی مافەکان دا و بۆ پێکهاتن و بەهێز کردنی رێکخراوەکانی ژنان، بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەرچەشنە هەڵاواردن و ستەمێکی نەتەوەیی و فەرهەنگی، بۆ جیایی دین لە دەوڵەت، بۆ بەهێز کردن و پەرەپێدانی هەنگاوە راستەوخۆکانی جەماوەر و بزووتنەوە و رێکخراوە دێمۆکراتیك و جەماوەرییەکان، بۆ چەکدار کردن و هەڵخڕاندنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بۆ داکۆکی لە دەسکەوتەکانیان و پاراستنی کوردستانی شۆڕشگێڕ بەرانبەر بە هەر چەشنە پیلانگێڕانێکی کۆنەپەرستی خەبات دەکا، لە پێناو بەرەوپێش بردن و بەدیهێنانیان دا بەرهەڵستی هەموو دژواری و کۆسپ و گرفتێك دەبێتەوە و هەموو توانای خۆی بۆ تەرخان دەکا و لە هیچ فیداکارییەك درێغی ناکا. هێز و هۆی سەرەکیی بۆ بەدیهاتنی ستراتژیی کۆمەڵە لە کوردستان هێزی لە بن نەهاتووی جەماوەی خەڵك و بزووتنەوەیان و هەنگاوەکانیانە و، کۆمەڵە توانای خۆی دەخاتە سەر وشیار کردنەوە و هەڵخڕاندن و رێکخستنیان. لە هەمان کاتدا هێزی پێشمەرگەی چەکداری کۆمەڵە، بەشێك هەر لەم هێزە کۆمەڵایەتییە، باسکی چەکداری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و یەکێك لە ئامرازەکانی بەرەوپێش بردن و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە و، پتەو کردن و پەرەپێدانی ئەو هێزە یەکێك لە ئەرکەکانی کۆمەڵەیە.

کۆمەڵە لە هەمان کاتدا لە هەموو دەرفەتێك، ئەگەرچی کەم و کورتیش بێ، کە بە هۆی گوشاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و یان لاوازبوونی بەرەی دەسەڵاتدارەتی پێك بێ، بۆ بەرەوپێش بردنی هەر ئەم ئامانجانە و زەمینە خۆش کردن بۆ بەدیهاتنیان کەڵك وەردەگرێ. کۆمەڵە هەمیشە رێگاچارەی سیاسیی بۆ مەسەلەی کوردستان و بەدیهاتنی داخوازی‌یەکانی گەلی کوردی پێ باشتر بووە و بۆ بەرەوپێش بردنی رێگا چارەی سیاسی ئامادە بووە. بەڵام حکوومەتی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا هیچ زمانێکی بێجگە لە زمانی زەبروزەنگ و ملهوڕی نەزانیوە و، وەڵامی داوا رەواکانی خەڵکی کوردستانی بە کوشتار، شکەنجە، سێدارە، گرتن و تیرۆر و هێرشی چەکدارانە داوەتەوە. لە هەل و مەرجێکی ئاوادا، خەڵکی کوردستان و لە پێشەوەیان کۆمەڵە، لە بەرانبەر ئەم ستەم و سەرکوتگەرییەدا لێبڕاوانە راوەستاون و رادەوستن.

٨- کۆمەڵە بۆ هاوکاری و رێککەوتنی سیاسی و عەمەلی لەگەڵ حیزبەکان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هاوبەش بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و هێنانە گۆڕ و بەرەوپێش بردنی هاوبەشی داخوازییەکانی گەلی کورد ئامادەیە. بەدیهاتنی سیاسەتێکی لەم چەشنە، توانایی هەر کۆنەپەرستییەکی دەسەڵاتدار لە ئێستا و داهاتوودا بۆ دووبەرەکی نانەوە، هەڵگرساندنی شەڕی ناوخۆ و لە ئەنجام دا پشت گوێ خستن و پێشێل کردنی داخوازەکانی نەتەوەی کورد و دەسکەوتەکانی و...

ل١٠

www.iran-archive.com

# پێڕەوی ناوخۆی
# کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
# پەسەند کراوی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە

پووشپەڕ _ گەلاوێژی ١٣٨٠ ، ژووئیەی ٢٠٠١

## فەسڵی یەکەم _ ناو و ئامانج

ماددەی یەکەم _ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی سۆسیالیستیی کرێکاران لە کوردستانە، کە وەك هەر ڕەوتێکی سۆسیالیستیی کرێکاری لە جیهان دا، بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، هەڵوەشاندنەوەی سیستمی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگای عادڵانەی سۆسیالیستی خەبات دەکا.

کۆمەڵە هەموو مەیدانەکانی خەباتی کرێکارانی کوردستان، لە خەبات بۆ وە دەستهێنانی ئەو داخوازە هەنووکەیی‌یانەوە کە لە خزمەت باش بوونی ژیان دان هەتا خەباتی سیاسی و ستراتیژیکی کرێکاران، ڕێك دەخا و ڕێبەرایەتیی دەکا و بۆ بە دەسەڵات گەیاندنی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کۆمەڵ دا تێ دەکۆشێ. ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەین کە یەکگرتوویی و هاوپشتیی سیاسی و عەمەلیی چینی کریکاری ئێران لە بەرژەوەندی خەباتی چینی کرێکارە لە پێناو سۆسیالیزم داو، کۆمەڵە لە پێناو دەستەبەرکردنی یەکیەتی و هاوپشتیی چینی کرێکاری ئێران لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا تێ دەکۆشێ.

کۆمەڵە ئاڵاهەڵگری خەباتە لەپێناو بەرین ترین دێمۆکراسی و مافە دێمۆکراتیکەکانی خەڵك و ئازادی‌یە سیاسییەکان دا، لە پێناو ڕزگاریی ژنان دا لە ستەمکێشی و ڕزگاریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ستەمی نەتەوایەتی و، ئاڵاهەڵگری خەباتە لە دژی کۆماری ئیسلامی و هەرچەشنە کۆنەپەرەستی و زۆرداری و بێ‌مافی‌یەك و، خەبات و بزووتنەوە ڕەواکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراو لە پێناو ئەم ئامانجانەدا ڕێبەرایەتی دەکا ولە هەموو ئەم بزووتنەوانەدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندی سەربەخۆی کرێکاران دەکا.

کۆمەڵە وەك حیزبی پێشڕەو و ڕێبەری کرێکارانی کوردستان، بزووتنەوەی ئازادیبەخشی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس ودەستەبەر کردنی دەسەڵاتدارەتیی خەڵکی کوردستان بەسەر سەرزەمینی خۆیاندا لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ئەو خەباتەدا ڕێك دەخاو ڕێبەرایەتی دەکا و بۆ بەسەمەر گەیاندن وسەرکەوتنی تێدەکۆشێ.

## فەسڵی دووهەم
## پڕەنسیپە ڕێکخراوەیی‌یەکان

ماددەی دووهەم _ پڕەنسیپی بنەڕەتی ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵەدا سانترالیزمی دێمۆکراتیکە و لە سەر ئەم بناغەیە، ئەم خاڵانە وەك بنەمای پەیوەندە ڕێکخراوەیی‌یەکان پەیڕەو دەکرێن:

١ _ هەڵبژاردەبوونی هەموو ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی لە سەرەوە هەتا خوار. سنووردرابوونی دەورەی لە سەر کاربوونی هەر ئۆرگانێکی هەڵبژاردە.

٢ _ خاوەن بڕیار بوونی ڕێکخراوە محەللییەکان لە کاروباری ناوخۆیی ومحەللیی خۆیان دا.

٣ _ پارێزراو بوونی مافی کەمایەتی لە زەمینەی ڕادەربڕیندا لە بابەت مەسەلە سیاسی وعەقیدەییەکان، لە وانە لە ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندن داو، لە هەمان کات دا پابەندبوونی کەمایەتی بە پەیڕەو کردنی یاسا ڕێکخراوەییەکان و بەرەو پێش بردنی ئەرکە ڕێکخراوەییەکان، دانانی ڕێگا و شوێنێك کە کەمایەتیە سیاسییەکان بتوانن بە پێی سەنگی خۆیان لە کۆمەڵەدا، نوێنەر بنێرن بۆ کۆنگرەکان و کۆبوونەوە حیزبی‌یەکان.

٤ _ یەکسان بوونی دیسیپلینی حیزبی بۆ هەموو ئەندامان.

٥ _ پەیڕەوی کردنی تاکەکەس لە بڕیار و پەسەندکراوە ڕێکخراوەیی‌یەکان، کەمایەتی لە زۆریە.

٦_ پەیڕەوی کردنی ئۆرگانەکانی خوارەوەتر لە ئۆرگانەکانی سەرەوەتر و، پەیڕەوی کردنی هەموو ڕێکخراوەکە لە کومیتەی ناوەندی.

٧ _ پەیڕەو کردنی پڕەنسیپی ڕێبەرایەتیی بە کۆمەڵ و، ڕاوێژ و بڕیاردانی هاوبەش لە کومیتەکان و ناوەندەکانی بڕیاردان دا.

٨ _ ڕەچاو کردنی پڕەنسیپی ئاشکراکاری و دیالۆگ لە گەڵ بزووتنەوەکە لە مەسەلە نەزەری و سیاسی‌یەکان دا.

تێبینی: پڕەنسیپی هەڵبژاردەبوونی ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی _ لە کومیتەی ناوەندی بەدەر کە لە هەموو حاڵەتێك دا دەبێ هەڵبژاردە بێ _ لە بەر پێویستی‌یەکانی هەڵسووڕانی نهێنی و خەباتی چەکدارای، بە ناچاری لە سنوورێکی دیاریکراودا دەمێنێتەوە و بە تەواوی بەڕێوە ناچێ و، بە هەر ڕادەیەك کە ئەم پێویستی یانە بکشێنەوە، پڕەنسیپی هەڵبژاردە بوون بەرەوپێش دەبرێ.

## فەسڵی سێهەم
## ساختاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵە

ماددەی سێهەم _ شانەکان

یەکەی بنەڕەتیی ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵە دا شانەیە، کە لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و لە هەر شوێنێکی کۆمەڵایەتی‌ی گونجاو بۆ هەڵسووڕانی کۆمەڵە، بە بەشداری لانی کەم سێ کەس پێك دێ.

شانەکان ئامرازی پەیوەندی گرتنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵەن لە گەڵ جەماوەر، بۆ کاری وشیاری دەرانە و ڕێکخستن و ڕێبەرایەتی کردنیان. شانەکان ئەرکیانە لە نێو جەماوەردا هەڵسووڕانی خۆیان بەرەوپێش بەرن و بنکەی جەماوەریی کۆمەڵە پەرە پێ بدەن، بەرنامە و سیاسەتەکانی کۆمەڵە ڕابگەیەنن، چاپەمەنی‌یەکانی کۆمەڵە بڵاو بکەنەوە، یارمەتی‌ی ماڵی کۆبکەنەوە، هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ئەندامی تازە بێنە ناو کۆمەڵە و بە پێی ڕێنوێنی‌یەکانی کۆمەڵە ڕێکیان بخەن و، لە کاتی پێویست دا تیمی تایبەت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرك و ڕاسپاردەی دیاریکراو پێك بێنن.

شانەکان پێویستە ڕاپۆرتی هەڵسووڕانی خۆیان بە شێوەی بەردەوام بدەنەوە بە کۆمەڵە.

تێبینی _ دەکرێ لە ژێر چاوەدێریی کومیتەکانی سەرەوەتر دا هەندێك تیمی تایبەت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و ڕاسپاردەی دیاریکراو بۆ جارێك یان ماوەیەك، پێك بهێندرێن یان لە نێوان چەندین شانە، شانەیەك ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێ.

ماددەی چوارەم _ کومیتەکان

١_ بالاترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێکی محەللی، کومیتەی ئەو ڕێکخراوەیە. کومیتە، لێپرسراوی بەڕێوە بردنی ڕێکخراوەکەیە بە پێی سیاسەتەکان و پەسەندکراوە حیزبی‌یەکان و پێویستی‌یەکانی خەباتی حیزبی و جەماوەری لەو شوێنەی هەڵسووڕانی خۆی تێدا بەرەوپێش دەبا.

٢_ هەر کومیتەیەك لە نێو ئەندامانی خۆی‌دا کەسێك وەك سکرتێر هەڵدە بژێرێ. سکرتێر ئاڵقەی پەیوەندی کومیتەکەیە لگەڵ کومیتەی سەرەوەتر و، هاوئاهەنگ کردنی هەڵسووڕانی ئەندامانی کومیتەکەی لە ئەستۆیە و چاوەدێری بە سەر کاریان دا دەکا و، بەشێوەی بەردەوام ڕاپۆرتی هەڵسووڕانی کومیتەکە دەداتەوە بە کومیتەی سەروەتر.

٣ _ شێوەی کار لە ناوخۆی کومیتەکان دا کاری هاوبەش... ل٥

www.iran-archive.com

و لە هەمان کات دا لە سەر بنەمای کاردابەشکردنە و، بڕیاردان لە کومیتەکان دا بە زۆربەی تەواوی دەنگەکانە. هەر کومیتەیەك لە حاست ئۆرگانی سەرەوەتری خۆی، لێپرسراوێتیی بەکۆمەڵ و هاوبەشی هەیە.

ماددەی پێنجەم _
رێکخراوە محەللییەکان

١- رێکخراوە محەللی‌یەکانی کۆمەڵە، بە پێی شوێن لە خوارەوە بۆ سەرەوە بریتین لە:
رێکخراوی شوێنی کار، رێکخراوی‌گەڕەك، رێکخراوی شار، رێکخراوی دێ، رێکخراوی بەش و، رێکخراوی شارستان ( ناوچە).

٢- هەر کام لەم رێکخراوانە لە لایەن کومیتەی خۆیەوە رابەڕی دەکرێ.

٣ - رێکخراوی شارستان ( ناوچە )، کۆنفرانسی خۆی کە لە نوێنەرانی هەڵبژاردەی رێکخراوەکانی سنووری دەسەلاتی خۆی پێك دێ، بەڕێوە دەبا وتێیدا سیاسەت و بەرنامەی کاری خۆی لە چوارچێوەی سیاسەت وئەرکە گشتی‌یەکانی کۆمەڵەدا وبە لەبەرچاوگرتنی پێویستییەکانی خەباتی شوێنەکەی خۆی دەداتە بەرلێکۆڵینەوە و پەسەندی دەکا و کومیتەی شارستان ( ناوچە ) هەڵدەبژێرێ.

تێبینی‌ی ١- رێکخراوی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات یەکێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شوێنەی، هەڵسووڕانی خۆی تێدا بەرەوپێش دەبا و ئەو ئەرکە تایبەتانەی لە ئەستۆیەتی، بە رێکخراوێکی تایبەت دادەندرێ کە شێوە و رێسای کاری لەلایەن کومیتەی ناوەندی‌یەوە دیاری دەکرێ.

تێبینی‌ی ٢ - رێکخراوی چەکدار و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، بەشێکە لە رێکخراوی کۆمەڵە کە ئەرك وکارکردی تایبەتی هەیە وشێوە ورێسای کاری لە ئایین نامەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا دیاری دەکرێ.

ماددەی شەشەم - کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە دەتوانێ بە پێی پێویست، رێکخستنی دیکەش، جگە لەوانەی لەم بەڵگەیەدا پێش بینی کراون، لە چوارچێوەی ئەو پرەنسیپە رێکخراوەیی‌یانەدا کە لەم فەسڵەدا هاتوون، پێك بێنێ.

## فەسڵی چوارەم _ کۆنگرە

ماددەی حەوتەم _ بالاترین ئۆرگانی کۆمەڵە کۆنگرەیە، کە لانی کەم بە دووساڵ جارێك، بە بانگێشتی کومیتەی ناوەندی پێك دێ و هەموو کۆمەڵە لە سەریەتی بڕیارەکانی بەڕێوە بەرێ.

ماددەی هەشتەم _ ئەرکەکان و دەسەلاتی کۆنگرە.
کۆنگرەی کۆمەڵە:

١- بەرنامە وپێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە پەسەند دەکاو یان دەیگۆڕێ.

لە رێبازی سیاسیی کۆمەڵە، مەسەلە ستراتیژیکەکان و تاکتیکە گرینگ و پێویستەکان دەکۆڵێتەو و دیارییان دەکا.

٣- لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی و کارکردی دەورەی رابردوو دەکۆڵێتەوە.

٤- ئەندامان و جێگرەکانی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵدەبژێرێ.

ماددەی نوهەم _بەشدارانی
کۆنگرە بریتین لە:

١- نوێنەرانی هەڵبژاردەی هەرکام لە رێکخراوەکانی کۆمەڵە کە ئەندامانی ئەو رێکخراوە هەڵیان دەبژێرن.

٢- ئەندامان وجێگرەکانی کومیتەی ناوەندی.

تێبینی‌ی ١- ئەندامان وجێگرەکانی کومیتەی ناوەندی بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی دەنگی بڕیاردەر لە کۆنگرەدا، دەبێ لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەدا بەشداری‌یان کردبێ ولە یەکێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵەدا وەك نوێنەر هەڵبژێردرابن.

تێبینی‌ی ٢- رێسا وڕێژەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆکۆنگرە، پێش هەر کۆنگرەیەك لە لایەن کومیتەی ناوەندی‌یەوە دیاری دەکرێ ورادەگەیەندرێ.

تێبینی ٣- کومیتەی ناوەندی دەتوانێ ژمارەیەك لە ئەندامان وەك چاوەدێر بۆ کۆنگرە بانگ بکا.

تێبینی ٤- کومیتەی ناوەندی دەتوانێ لە حیزبەکان و رێکخراوەکان و کەسایەتی‌یەکان، کەسانێك وەك میوان یان چاوەدێر بۆ کۆنگرە بانگ بکا.

ماددەی دەهەم _
رەسمییەتی کۆنگرە

کۆنگرە بە بەشداریی دوو لە سێی کەسانی خاوەن دەنگ دەگیرێ و دەبێتە رەسمی و، بە زۆربەی دەنگ بڕیار دەدا.

ماددەی یازدەهەم _
کۆنگرەی نائاسایی

١ - کومیتەی ناوەندی دەتوانێ بانگێشتی گرتنی کۆنگرەی نائاسایی بکا.

٢ - لە کاتێك دا نیوەی ئەندامانی کۆمەڵە داواکاری پێکهاتنی کۆنگرەی نائاسایی بن، کومیتەی ناوەندی لە سەریەتی بانگەواز بکا بۆ پێکهاتنی.

## فەسڵی پێنجەم _ کۆنفرانس

ماددەی دوازدەهەم _ ئەگەر ئاڵوگۆڕێك لە بارودۆخی سیاسی‌دا پێك بێ یان مەسەلەی گرینگی حیزبی بێتە پێش کە وا بخوازێ لە ئاستێکی بەرینتر لە کومیتەی ناوەندی دا لە بارەیانەوە راوێژ بکرێ یان بڕیار بدرێ، کۆنفرانسی کۆمەڵە بە بانگێشتنی کومیتەی ناوەندی پێك دێ.

ماددەی سێزدەهەم

بەشدارانی خاوەن دەنگ لە کۆنفرانس دا بریتین لە ئەندامان و جێگرەکانی کومیتەی ناوەندی و نوێنەرانی هەڵبژاردەی رێکخراوەکان یان کومیتە سەرەکی‌یەکان و، هەموو کۆمەڵە لە سەریەتی بڕیارەکانی کۆنفرانس بەڕێوە بەرێ.

تێبینی- کۆنفرانس بە بەشداری دوو لە سێی بەشدارانی خاوەن دەنگ، دەگیرێ ودەبێتە رەسمی و، بە زۆربەی دەنگ بڕیار دەدا.

## فەسڵی شەشەم - ئۆرگانەکانی رێبەرایەتی‌ی ناوەندی

ماددەی چواردەهەم - لە نێوان دوو کۆنگرەدا، کومیتەی ناوەندی بالاترین ئۆرگانی کۆمەڵەیە وهەموو لایەنەکانی هەڵسووڕانی کۆمەڵە بەڕێوە دەبا وبەڕێوە بردنی بڕیارەکانی لە ئەستۆی هەموو ئەندامانە.

ماددەی پازدەهەم - ئەرکەکان ودەسەلاتی کومیتەی ناوەندی
کومیتەی ناوەندی:

١- لێپرسراوی بەڕێوە بردن وبەرەوپێش بردنی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەیە.

٢- دەزگا و رێکخراوی جۆراوجۆری حیزبی رێك دەخا و لێیان دەپرسێتەوە و هاوئاهەنگیان دەکا.

٣- لە پەیوەند لە گەڵ حیزب و هێزە سیاسی‌یەکانی دیکە دا نوێنەرایەتی‌ی کۆمەڵە دەکا.

٤- بڵاوکردنەوەی زانیاری و راگەیاندنی سیاسی لە رێگەی ئۆرگانەکان و بڵاوکراوەکانی ناوەندی‌یەوە و هەر وەها بە دانی رێنوێنیی پێویست، رێبەرایەتی دەکا.

٥- دارایی ناوەندی دەگرێتە ژێر چاوەدێری و بە سەر پێویستی‌یەکان دا دابەشی دەکا.

٦- لە نێو خۆی‌دا دەفتەری سیاسی و سکرتێری گشتی هەڵدەبژێرێ.

٧- راپۆرتی کاری خۆی دەداتەوە بە کۆنگرەی کۆمەڵە.

ماددەی شازدەهەم _ پلینۆم

کۆبوونەوەی بەرینی کومیتەی ناوەندی (پلینۆم )، لانی کەم بە شەش مانگ جارێك بە بانگێشتنی سکرتێری کومیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی یان لە سەر داوای زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێك دێ. ئەندامانی جێگری کومیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکاندا دەنگی راوێژکارانەیان هەیە. کومیتەی ناوەندی دەتوانێ لە حاڵەتێك دا کەبە پێویستی بزانێ ژمارەیەك لە ئەندامان و کادرەکان یان کومیتە حیزبی‌یەکان بۆ پرس و راوێژ بۆ پلینۆم بانگ بکا.

مادەی حەڤدەهەم -
دەفتەری‌سیاسی

دەفتەری‌سیاسی:

١- لە نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی دا، رێبەرایەتی کۆمەڵەی لە ئەستۆیە.

٢- لێپرسراوی بەڕێوەبردن و بەرەوپێش بردنی پەسەندکراوەکان و بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی‌یە و راپۆرتی کاری خۆی دەداتەوە بە کومیتەی ناەوندی.

٣- دەفتەری سیاسی دەتوانێ کومیتەی ناوەندی بانگ بکا بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەی نائاسایی.

ماددەی هەژدەهەم - سکرتێری‌گشتی

١- سکرتێری گشتی ئەندامی دەفتەری سیاسی‌یە و هاوئاهەنگ کردن و چاوەدێری کردن بەسەر کارکردی کومیتەی ناوەندی دا لە ئەستۆیەتی.

٢- سکرتێری گشتی جگە لەوەی وەك سکرتێری کومیتەی ناوەندی ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە دەبا، لە کاتی پێویست دا...

ل٦

نوێنەرایەتی ی کومیتەی ناوەندی دەکا ڕوو بە دەرەوە و لە ئاستی کۆمەڵ، میدیا وحیزب و هێزە جۆراوجورەکاندا.

٣– سکرتێری گشتی لە ئاست کومیتەی ناوەندی وەڵامدەرەوەیە و ڕاپۆرتی کاری خۆی دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی.

## فەسڵی حەوتەم – ئەندامەتی

### ماددەی نۆزدەهەم – مەرجەکانی ئەندامەتی

ئەندامی کۆمەڵە کەسێکە کە:

١– بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە قەبووڵ بکا و پەیڕەویی لێ بکا.

٢– لە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەدا کار بکا.

٣– ئابوونەی ئەندامەتی بدا بە کۆمەڵە.

### ماددەی بیستەم – وەرگرتنی ئەندام

هەر داواکارێکی ئەندامەتی، کە ئەو مەرجانەی سەرەوەی هەبێ، کاتێك وەك ئەندام وەردەگیرێ کە:

١– دوو ئەندامی کۆمەڵە، کەپێشینەی ئەندامەتییان لە کۆمەڵە دا لە ساڵێك کەمتر نەبێ دەنگیان بدەنە پاڵ داوای بە ئەندام بوونی.

٢– کومیتەی یەکێك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە وەك ئەندام وەری بگرێ.

تێبینی: وەرگرتنی ئەندام لە ڕێکخراوە محەللی یەکانی کۆمەڵە دا، بە بڕیاری کومیتەی ڕێکخراوەکەیە. لە حاڵەتی تایبەتدا کە داواکارانی ئەندامەتی پەیوەندیان لە گەڵ ڕێکخراوە محەللی یەکان نەبێ، کومیتەی ناوەندی ڕاستەوخۆ لە داواکەیان دەکۆڵێتەوە.

### ماددەی بیست و یەکەم ـ ئەرکەکانی ئەندام

ئەرکی هەر ئەندامێکی کۆمەڵەیە:

١– پەیڕەوی لە پێڕەوی ناوخۆ و دەستوور و بڕیارە ڕێکخراوەیی یەکان بکا و دیسیپلینی حیزبی بەڕێوە بەرێ.

٢– ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراون بە باشی بەڕێوە بەرێ.

٣– هەوڵ بدا بۆ پاراستنی نهێنی یەکان، بەڵگەکان و دارایی یەکانی کۆمەڵە.

٤– پەیگیرانە داکۆکی بکا لە ئامانجەکان و بنەماکانی کۆمەڵە و بە دڵسۆزی و وریایی تەواوەوە هەوڵ بدا بۆ بەهێز کردنی کۆمەڵە و پاراستن و پتەوکردنی یەکیەتی و یەکانگیریی ڕیزەکانی کۆمەڵە.

٥– پەیگیرانە خزمەت بکا بە خەباتی چینی کرێکار و کۆمەلانی زۆرلێکراو و، پەیوەند و هاوپشتی کۆمەڵە و کۆمەلانی کرێکار وزەحمەتکێش پەرە پێ بدا و پتەوی بکا.

٦– هەوڵ بدا بۆ بردنە سەری ئاستی وشیاریی سیاسی خۆی و هاوخەباتانی و کەسانی شوێنی کار وهەڵسووڕانی و، خوێندنەوە و فێربوونی مارکسیزم بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە.

٧ – ڕاپۆرتی هەڵسووڕانی خۆی بە وردی بداتەوە بە کۆمەڵە.

٨ – لە حاست هەڵە و کەم وکووڕی یەکانی خۆی وکەسانی دیکە بە هەستی لێپرسراوێتیی شۆڕشگێڕانە و بە مەبەستی فێربوون ونەهێشتنی کەم وکووڕییەکان، ڕەخنە ورەخنە لە خۆ گرتن ڕەچاو بکا وهەوڵ بدا بۆ ڕاست کردنەوە وقەرەبوو کردنەوەی هەڵە وکەم وکووڕی یەکان.

### ماددەی بیست ودووهەم مافەکانی ئەندام

ماڤ هەر ئەندامێکی کۆمەڵەیە:

١– لە دیالۆگ ورادەربڕین و کاریگەری دا لە بواری هەڵوێست و سیاسەتەکانی کۆمەڵەدا، لە ڕێگەی کۆبوونەوەکان و چاپەمەنی کۆمەڵەوە، بەشداری بکا.

٢– لە کۆبوونەوە ڕێکخراوەییەکان دا ڕەخنە لە هەر پلەوپایە ولێپرسراو وئۆرگانێکی کۆمەڵە بگرێ.

٣– بۆچوون وپێشنیار ورەخنەی خۆی بخاتە بەردەم هەموو ئۆرگانێکی بالاتر و لەوانە کومیتەی ناوەندی وکۆنگرە.

٤– لە هەڵبژاردنە ڕێکخراوەیی یەکان دا بە پێی ڕێسای دیاریکراو بەشداری بکا، هەڵبژێرێ و هەڵبژێردرێ.

### ماددەی بیست وسێهەم ـ کشانەوە لە ئەندامەتی

پەیوەست بوون بە کۆمەڵە و ئەندامەتی لە کۆمەڵەدا لە سەر ویستی کەسەکان خۆیانە ولە سەر بنەمای هەست کردن بە پێویستی یەکانی خەبات و بڕیاری بە دانستەی کەسەکان بۆ خزمەت بە ئامانجە چینایەتی وسیاسییەکانی کۆمەڵەیە. کشانەوە لە ئەندامەتیش ئازادانەیە و هەر ئەندامێکی کۆمەڵە دەتوانێ بە خواستی خۆی لە ئەندامەتی بکشێتەوە.

ئەو ئەندامەی خوازیاری کشانەوەیە پێویستە ئەو داوایە بە ڕەسمی بدا بە کومیتەی سەرووی خۆی وئەرکی سەرشانیەتی کە بەرپرسایەتی یە ڕێکخراوەیی یەکان و هەروەها ئەو دارایی وبەڵگە حیزبی یانە کە لە لای بوون بداتەوە بە کۆمەڵە و حیسابی خۆی پاك بکاتەوە. کومیتەی سەروو بە ڕەسمی پێی ڕادەگەیەنێ کە داوای کشانەوەی وەردەگرێ.

### ماددەی بیست وچوارەم ـ ئەندامەتی گرووپ وکۆڕوکۆمەڵ لە کۆمەڵەدا

١– گەرچی ئەندامەتی وەك ڕێسایەکی گشتی پرسێکی تاکەکەسی یە، بەلام لە هەل ومەرجی سیاسی ی تایبەت دا دەکرێ هەندێك گرووپ و کۆڕ و کۆمەڵ بە پۆل بکرێنە ئەندامی کۆمەڵە.

٢– وەرگرتنی ئەم گرووپانە و بڕیار دان لەسەر چۆنیەتی ی پەیوەندی کۆمەڵە لەگەڵیان، لە دەسەلاتی کومیتەی ناوەندی دایە.

## فەسڵی هەشتەم ـ لێپرسینەوەی پەیوەندیدار بە دیسیپلین

### ماددەی بیست وپێنجەم دیسیپلین و خەتا

بۆ حیزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکاری، بە تایبەت لە هەل ومەرجێك دا کە خەفەقان و دیکتاتۆریی سیاسی لە کۆمەڵ دا دەسەلاتدارە، لە هەل ومەرجێك دا کە هێزە کۆنەپەرەستەکان بە توانایی یەکی زۆرەوە لە مەیدان دان ولە کاتێك دا خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانە لە ئارادایە، پابەندبوون بە دیسیپلینی پتەوی حیزبی یەکێك لە پێویستییەکانی مانەوە و بەرەو پێش چوون و سەرکەوتنە. گەرچی تێگەیشتن لەم ڕاستی یە و بەرزبوونی پلەی وشیاریی سیاسیی ئەندامان باشترین زامنی پاراستنی دیسیپلینە وگەرچی ڕەخنە و تێگەیاندن لە کۆمەڵەدا بە بنەمای سەرەکی دادەندرێ، بەلام بە مەبەستی پاراستنی پتەویی ڕێکخراوەیی و دیسیپلینی ڕێکخراوەیی، ئەم سزا ڕێکخراوەیی یانەی خوارەوە، بە پێی ئاستی ئەو خەتایەی کراوە، لە حالەتێك دا ئەندام لە بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی دا کەمتەرخەمیی کردبێ یان دەستوور وڕێسا ڕێکخراوەیی یەکانی پێشێل کردبێ، بەڕێوە دەبرێن:

١– بیرخستنەوە بە نووسین

٢– سەرزەنش

٣– لێئەستاندنەوەی ئەندامەتی بۆ ماوەی دیاریکراو

٤– لێئەستاندنەوەی ئەندامەتی.

### ماددەی بیست وشەشەم ـ چۆنیەتی بەڕێوە بردنی سزای ڕێکخراوەیی و داوای پێدا چوونەوە

١– بڕیاردان لە سەر سزادانی ڕێکخراوەیی ئەندامان، دەرکردنی ئەندام نەبێ کە بڕیاردان لە سەری لە دەسەلاتی کومیتەی ناوەندی دایە، لە دەسەلاتی کومیتەی ئەو ڕێکخراوە دایە کە ئەندامەکە تێیدا کار دەکا.

٢– ئەو ئەندامەی بۆ ماوەی دیاریکراو ئەندامەتی ی لێ ئەستێندراوەتەوە یان دەرکراوە، مافی ئەوەی هەیە کە لە کۆبوونەوەیەك دا کە بۆ لێکۆڵینەوە لە بڕیاری پەیوەندیدار بەو دەگیرێ بەشداری بکا و داکۆکی لە خۆی بکا.

٣– هەر ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە کە لە کومیتەی سەرووتر داوای هەڵوەشاندنەوەی سزای ڕێکخراوەیی دیاریکراو یان پێداچوونەوەی بکا. بڕیاری کومیتەی سەرەوەتر، بڕیاری یەکجاری یە.

٤– ئەندامی دەرکراو مافی ئەوەی هەیە سکالای خۆی بدا بە کۆنگرە و داوای دادوەریی لێ بکا.

### ماددەی بیست و حەوتەم ـ لێپرسینەوەی پەیوەندیدار بە دیسیپلین لە کومیتەی ناوەندی دا

١– سەرزەنش کردنی ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە دەسەلاتی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی دایە.

٢– ئەستاندنەوەی ئەندامەتی بۆ ماوەی دیاریکراو لە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لە دەسەلاتی کۆنفرانسێك دایە کە پێك هاتبێ لە ئەندامان و جێگرەکانی کومیتەی ناوەندی و نوێنەرانی هەڵبژاردەی کومیتەکانی ناوچەکان. بۆ بڕیاردان لەم بابەتەوە دوو لە سێی دەنگەکان پێویستە. ئەگەر دەنگ بدرێ بە ئەستاندنەوەی ئەندامەتی بۆ ماوەی دیاریکراو، کەسەکە لە کومیتەی ناوەندی دەردەکرێ.

٣– دەرکردنی ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە کۆمەڵە، لە دەسەلاتی کۆنگرە دایە.

www.iran-archive.com

## سەبارەت بە جێگا و شوێنی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" و پەیوەندمان لەگەڵ ئەو حیزبە

پەسەند کراوی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە
پووشپەڕ-گەلاوێژی ١٣٨٠

کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، وێڕای تەئیید کردنەوەی سەرلەنوێی بەڵگە پەسەندکراوەکانی کۆنفرانسی ساغکردنەوەی کۆمەڵە لە بابەت رەخنەگرتن لە ئەزموونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، جاریکی‌دیکە جەخت لەسەر ئەو راستی‌یە دەکا کە ئەو ناکۆکی‌یەی لەسەر ژیاندنەوەی هەڵسووڕانی سەربەخۆی کۆمەڵە یان درێژە پێدانی قەوارەی رێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیست پێکهات، لە راستی‌دا خۆی ئەنجامی ناتەبایی و ناکۆکۆییەك بوو کە لە دەمێك پێشترەوە لە ناو رێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیست دا سەری هەڵدابوو. ئەم ناکۆکی‌یانە لە رێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا، دە ساڵ لەوە پێش، ماوەیەکی کورت دوای جیابوونەوەی ئەو رەوتەی پێی دەگوترێ کۆمۆنیزمی کریکاری، لە سەر هەڵسەنگاندنی ئەو جیابوونەوەیە و چۆنیەتی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەی روانگەکانی رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و پاشان لەسەر چۆنیەتی هەڵسەنگاندن و روانین بۆ هەموو ئەزموونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، سەریان هەڵدا و لە ئەنجام دا گەیشتە ئەوەی رەوتی ئێمە دەست بداتە ساغکردنەوەی کۆمەڵە و چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەجێ بێڵێ. بەم مانایە، ساغ بوونەوەی کۆمەڵە و جیابوونەوەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەو ئاڵقەیە بوو کە تێیدا دابڕانی یەکجاری لە میراتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە سەرەنجام گەیشت.

ئێستا، کە نزیکەی ساڵێك لە هەڵسووڕانی سەربەخۆی کۆمەڵە تێپەڕیوە، رەوا بوونی رێبازی کۆنفرانسی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە لە کردەوەدا و لە رووی گەلێك ئەنجامی بە نرخەوە کە لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان دا لێی کەوتووەتەوە بە روونی خۆی نیشان داوە. پێشوازی بەرینی جەماوەری خەڵك لە شار و ئاوایی‌یەکانی کوردستان لەم ماوە کورتەدا بووە هۆی ئەوە کە کۆمەڵە بێتەوە ناوەندی شانۆی سیاسی کوردستان و، دەری خست کە ژیاندنەوەی هەڵسووڕانی سەربەخۆی کۆمەڵە و بەجێ‌هێشتنی چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی‌ئێران نەك نەبووەتە مایەی لاوازبوونی کۆمەڵە و نەك هەر هەنگاوێك نەبووە لە ناوخۆی رێکخراوێك دا، بەڵکوو لە پلەی یەکەم دا هەنگاوێکی سیاسی بوو لە سەر بنەمای تێگەیشتن لە پێویستی‌یەکی سیاسی و وەڵام پێدانەوەی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی‌کانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان و لە خزمەت بەرژەوەندی گشتیی رەوتی سۆسیالیستی‌دا لە کوردستان و ئێران.

ئێستا بە هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی ئەم هەنگاوە و بەلەبەرچاو گرتنی کاریگەرێتیی ئەم هەنگاوە لە سەر رووداوە سیاسی‌یەکانی یەك ساڵی رابوردوو و ئەو تەوژم و جووڵە سیاسی‌یەی لە کوردستان پێکی هێناوە و هەروەها بەلەبەرچاو گرتنی ئەو پێشوازییە بەرینە کە ئاڵقەی بەرینی دوستان و لایەنگرانی کۆمەڵە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و رۆشنبیرانی تێکۆشەر و لاوان لەم هەنگاوەیان کردووە، دەکرێ بە دڵنیایی بڵێین پرۆژەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە و هاتنەدەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پرۆژەیەکی سەرکەوتوو بووە.

کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە، لەبەر تیشکی ئەم هەڵسەنگاندنە، لە جێگاو شوێنی ئێستای "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" دەکۆڵێتەوە و، هەڵوێستی خۆی لە حاست ئەو حیزبە و بنەماکانی پەیوەندی خۆمان بەم جۆرە رادەگەیەنێ:

١- بێدەرەتانی‌یە دەروونی‌یەکانی حیزبی کۆمۆنیست و بێ‌خەتی‌یە سیاسی‌یەکەی بە دەسپێکرانەوەی هەڵسووڕانی سەربەخۆی کۆمەڵە، لە جاران توندتر و ئاڵۆزتر بووە. بەشی هەرە زۆری ئەدەبییاتی ئەم حیزبە بەرهەمی کەسانێکە کە لە دوو قۆناغی جیا دا و بە دوو تەما و ئاسۆی سیاسیی تەواو جیاوازەوە لەم حیزبە رۆیشتن. کەوابوو رێبەرایەتیی ئێستای ئەو حیزبە سەرۆکایەتیی رێکخراوێك دەکا کە یەکەم، توانایی‌یە فیکری‌یە سەرەکی‌یەکانی، هەرچەند لە دوو روانگەی جیاوازەوە، رەخنەیان لێگرتووە و بەجێیان هێشتووە و هەروەها لە روانگەی زۆربەی دامەزرێنەرانیەوە پێناوێك بۆ مانەوە و بوونی نی‌یە. دووهەم، لەبەر ئەوەی حیزبەکە خاوەنی جێگا و شوێنێکی کۆمەڵایەتی نی‌یە و لە ژیانی خۆیدا کە ئەوا نزیکەی بیست ساڵی تێپەڕاندووە نەیتوانیوە سەرکەوتنێك بەدەست بێنێ و کەم تا زۆر هیچ پەیوەندی‌یەکی لەگەڵ چینی کرێکاری ئێران نی‌یە و، هەروەها لەبەر ئەوەی رێبەرایەتی‌یەکی لێهاتوو و بەرچاوڕوونیشی نی‌یە کە رێبازێکی دیار بۆ حیزبەکە ساغ کاتەوە، هیچ ئاسۆیەك بۆ باش بوونی جێگاو شوێنی سیاسی ئەو حیزبە بەدی ناکرێ. ئەم راستییە ئاشکرایانە و، ئەوەش کە رێبەرایەتیی حیزبەکە ناتوانێ هەست بەم راستییانە بکا و حاشایان لێدەکا، رۆژبەڕۆژ ئەو حیزبە و رێبەرایەتی‌یەکەی زیاتر دەباتە ناو گێژاوی ئاڵۆزیی فیکری و سیاسی. مەیلی روو لە زیادبوونی بەشێك لە رێبەرایەتیی ئەو حیزبە بەرەو رەچاوکردنی روانگە و سیاسەتەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە هەندێك لێکدانەوە وسیاسەتی گرینگ دا لە سەر مەسەلەکانی کوردستان لە ساڵانی رابوردوودا خۆی رەنگدانەوەی ئاڵۆزی و تێکەڵ بوونی سەرەهەودا تیئوریك و سیاسی‌یەکانی ئەم رێبەرایەتی‌یە و دەست هەڵنەگرتنیەتی لە "باوەڕە هاوبەشەکان"ی لەگەڵ کۆمۆنیزمی کریکاری.

٢- لە یەك ساڵی رابووردودا ئەوانەی لە ناو خۆی حیزبەکەدا دەیانگوت لایەنگری وازهێنان لە چوارچێوەی رێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن و لە لای لایەنگرانی رێبازی ساغکردنەوەی کۆمەڵە وایان نیشان دەدا کە لە "ریفراندۆم"ی پێشنیارکراودا ئەوان باڵادەست دەبن، نەیانتوانیوە تەنانەت وەك رەوتیکی سیاسی لە ناوخۆی حیزبەکەش دا خۆ دەرخەن و ئەوەندەیان لە دەست نەهاتووە کە بە ئاشکرا نوێنەرایەتیی بۆچوون و بیروڕاکانی خۆشیان بکەن. کە وابوو هەروەك هەڵسووڕاوانی رێبازی ساغکردنەوەی کۆمەڵە لە سەرەتاوە بۆی چووبوون، پێشنیاری ریفراندۆم لە لایەن زۆربەی رێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سازمانی کوردستانەکەیەوە، جگە لە مانۆڕێکی دیپلۆماتیك چی‌دیکە نەبوو و زۆربەی لایەنگرانی وازهینان لە چوارچێوەی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" لە کردەوەدا بوونە هێزی پاشکۆی رەوکەتەی بەرانبەریان و هەتا ئێستا نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و چالاك خۆ دەرخەن.

بەشداری کردنی رێبەرانی ئەو رەوتە لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی نزم و بێمایە دا بەرانبەر بە رێبازی ساغکردنەوەی کۆمەڵە و لە هەڵبەستنی تۆمەتی بێبناغەدا لە دژی ئێمە، ئەوەشی بێتە سەر کە لە توانایان نی‌یە وەك نوێنەر و وتەبێژی فراکسیۆنێکی رەسمی و سیاسی لە ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا خۆ دەرخەن و چالاکی بنوێنن، لە کردەوەدا ئەو کەسانەی لەباری سیاسی‌یەوە خستۆتە بن بەستێك کە توانای هیچ چەشنە هەوڵدانێکی بۆ داکۆکی کردن لە رێبازی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە بۆ نەهێشتوونەتەوە. هەموو نیشانەکان ئەوە دەگەیەنن کە لایەنگرانی رەوتی درێژەپێدانی هەڵسووڕان لە ژێر ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا لە رێبەرایەتیی حیزبەکەدا باڵادەستن و لە داهاتووش دا جڵەوی حیزبەکەیان بەدەستەوە دەبێ.

٣- نەك هەر لە روانگەی ئێمەی هەڵسووڕاوانی رێبازی ساغ کردنەوەی کۆمەڵەوە، بەڵکوو لە روانگەی زۆربەی نزیك بە تەواوی ئاڵقەی بەرینی کۆمەڵەوە یەکگرتنەوەی سەرلەنوێ تەنیا لە چوارچێوەی کومەڵەدا دەیتوانی و... ل٨

دەتوانێ بێتە دی و ئێمە لە یەک ساڵی رابوردوودا گەلێک جار ئەم هەڵوێستەی خۆمان راگەیاندووە و دڵسۆزانەش لە پێناو یەکگرتنی بەرینی هێزەکان و تواناییەکانی کۆمەڵەدا هەوڵمان داوە، لە کاتێک دا رێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سازمانی کوردستانەکەی، بە پێچەوانەوە، یەکگرتنەوەی سەرلەنوێ لە چوارچێوە کۆمەڵەدا بە لایەوە بە مانای پووچ دەرچوونی هەموو ئەو تۆمەتە بێبناغانەیە کە تا ئێستا بۆ ئێمەیان هەڵبەستووە ویە مانای ئەوەیە کە راستگۆیانە لە حاست بزووتنەوەکە بەرپرسایەتیی کارەکانی خۆیان بگرنە ئەستۆ و وەڵامدەرەوە بن و، بەم بۆنەیەوە بە زیانی پلەوپایە وبەرژەوەندی تەسکی خۆیانی دەزانن کە ئامادە نین دەستی لێهەڵگرن وهەر بۆیە بە هەموو توانایانەوە بە هاندانی کینە و رقەبەری و ئاژاوەنانەوە، هەوڵیان داوە بۆ رووخاندنی بناغە و تێکدانی زەمینەی هەر چەشنە یەکگرتنەوە و تێ گەیشتنێک. بەم جۆرە رێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندەکانی بزووتنەوەکە و داهاتووی رەوتی کۆمەڵە و، تەنیا لە روانگەی بەرژەوەندی تەسکی رێکخراوەیی گرووپەکەیان و پاراستنی جێگە وپایەی خۆیانەوە بۆ مەسەلەکە دەڕوانن و، لە راستیدا وەک هۆیەکی نیگەتیڤ لە سەر رێگەی بەرژەوەندە گشتییەکانی کۆمەڵە و داهاتووی رەوتی رادیکاڵ سۆسیالیستی لە کوردستان دەوریان بووە و هەیانە.

٤– حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە خۆی لە برگەیەکی دیاریکراوی ژیانی چەپی ئێران دا و لەسەر ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵە و بە کەڵک وەرگرتن لە جێگەو شوێنی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان دا و خۆشەویستی کۆمەڵە لە نێو چەپی ئیران دا پێک هات، ئێستا ناوێکی بێ ناوەرۆک نەبێ هیچی دیکە نیە و، نوێنەرەوەی هیچ رەوتێکی کۆمەڵایەتی و هیچ پێویستییەکی سیاسی نیە. مانەوە لە چوارچێوەی ئەو رێکخراوەیە دا لە راستی دا خۆفریودان نەبێ هیچی دیکە نییە. ئەوانەی لەو حیزبە دا ماونەتەوە، پاراستنی ئەو ناوە و ئەو چوارچێوەیە بەوە پاساو دەکەن کە گۆیا دەست هەڵگرتن لەو چوارچێوە رێکخراوەییە، بە مانای وازهێنان لە ئامانجە سۆسیالیستییەکان و چوونە ناو بازنەی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستییە. ئەم قسەیە کە هیچ بنەما و پشتیوانەیەکی تیئۆریکی نیە و لەگەڵ رابوردووی کۆمەڵەش کە خۆی هەمیشە رێکخراوێکی سۆسیالیستی بووە نایەتەوە، پێشتریش قسەی رەوتی ناسراو بە کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە و گەلێک جاریسان دووپات دەکردەوە هەتا ئەم و ئەو لە درنجی ناسیۆنالیزم بترسێنن و بەم جۆرە رێگە لە گەشەکردن و پەرەگرتنی کۆمەڵە بگرن. رێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش کە لەم دواییەدا هەمان قسە دووپات دەکاتەوە، مەبەستی هەر ئەوەیە کە لە نێو ریزەکانی رێکخراوەکەی دا وەهمێکی بێپایە بنێتەوە و کۆسپێکی دەسکرد لە سەر رێگەی پەیوەست بوونیان بە رێبازی ساغکردنەوەی کۆمەڵە بخاتە ناو زەین و بیریان. سەرەڕای ئەم هەوڵانەش، تەریک مانەوەی هەرچی زیاتری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران رەوتێکە کە بەربەست ناکرێ و ئەو حیزبە لە شانۆی سیاسیی کوردستان دا رۆژ بە رۆژ زیاتر دەکەوێتە پەراوێزەوە و، رەوتی وەخۆهاتنەوەی کەسان و هەڵسووڕاوانی سیاسیی سەر بە هێڵی کۆمەڵە و دابڕانیان لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ناوەوەی کوردستانیش ئێستا بەخێرایی بەرەوپێش دەچێ.

ئەم داهاتووە مسۆگەرە، بۆ ئەو بەشەی هەڵسووڕانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە ساڵانێک توانا و هەڵسووڕانی خۆیان خستە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجی مرۆڤانە لە ئێران و کوردستان و، ئێستا هەڵسووڕانێکی تازە و سەمەربەخشیان دەست پێنەکردوەتەوە، هەڵبەت دوا ڕۆژێکی زۆر تاڵ و ناخۆشە و جگە لە گۆشەنشینی و لاکەوتەیی چ ئەنجامی دیکەی نابێ. تەنیا رێگەی پێشگرتن بەم توانەوە و فەوتانە سیاسییە، بۆ ئەو کەسانەی بە هیوای سەرابێک یان لە ژێر کاریگەرێتیی هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی هیستریک دا لە دژی رێبازی ساغکردنەوەی کۆمەڵە، لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا مانەوە، ئەوەیە کە بە هەڵوێستەکانی خۆیان دا بچنەوە و پشتیوانی لە رێبازی ساغکردنەوەی کۆمەڵە بکەن. کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە بە تایبەتی و هەر لەم پێناوەدا راسپاردەی بۆ هەڵسووڕاوان و هێزەکانی کۆمەڵە لە هەموو شوێنەکان ولە ناوەوەی کوردستان ئەوەیە کە لە حاست ئەو کەسانەی هێشتا پەیوەندێکیان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ماوە هەڵوێستێکی هاوڕێیانەیان هەبێ و بە دڵسۆزی و سنگێکی فراوانەوە هەڵوێستی کۆمەڵەیان بۆ شی بکەنەوە و ئەوەندەی لە توانایان دایە نەهێڵن رێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەشێک لە هێزی رەسەن و راستەقینەی کۆمەڵەش لەگەڵ خۆی بەرێتە ناو گێژاوی نائومێدی و گۆشەنشینی.

٥ – ئێمە هەمیشە جەختمان لە سەر ئەوە کردووە و ئێستا جارێکی دیکە رایدەگەیەنین کە خوازیاری ئەوەین باسەکان و کێشە سیاسی و روانگەییەکانمان بە دوور لە هەر چەشنە هاندانێکی ناسیاسی بێنینە ئاراوە و، بڕوامان بە پلۆرالیزمی سیاسی لە کوردستان هەیە و پێمان وایە داوەری لە بابەت رەوابوونی سیاسیی حیزبەکان و هێزە سیاسییەکان دەبێ بسپێردرێ بە جەماوەر کە لە محەکی بەرژەوەند و زانست و ئەزموونی خۆیانی بدەن. لەبەر ئەوە و لەبەر ئەو هەل‌ومەرجە تایبەتەی هەردوو رێکخراوی کۆمەڵە وحیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێیدان، رادەگەیەنین کە ئەو هەڵمەتەی پڕوپاگەندەی ژەهراوی بە ناواخنی سووکایەتی کردن بە کەسەکانەوە کە رێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەستی داوەتێ، تەنیا خۆشاردنەوەیە لە هاتنە مەیدانی بەرەوڕوو بوونەوەی سیاسی و ئاڵۆز کردنی مەیدانەکەیە بۆ پاراستنی سەنگەری بێبەرگەی بەرژەوەندێکی تەسکی رێکخراوەیی کە ناویانەتە بەرانبەر کۆمەڵە. لەم رووەوە کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە داوا لە هەموو هێزە رادیکاڵ وچەپەکان و دۆستانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەکا کە بە راشکاوییەکی تەواوەوە لەسەر ئەم زمانەی پڕوپاگەندە کە پڕە لە تۆمەت و ئاژاوەنانەوە وشەڕخوازی، رەخنە لە رێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیست بگرن و لە زیانباربوونی ئەم کارەی ئاگاداری بکەنەوە.

لە سەر بنەمای ئەم روانگەیەمان ئێمە خوازیاری داڕشتنی پەیوەندی سیاسی و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندەکان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بووین و هەین و، هەر لەم پێناوەدا گەلێک جار داوای پێکەوە دانیشتن لە ئاستی سەرەوەدا و دەسپێکردنی وتووێژی راستەوخۆمان کردوە کە تا ئێستا رێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بێ هیچ پاساوێکی عەقڵ پەسەند خۆی لێ لاداوە. بە پێویستی دەزانین جارێکی دیکە ئەوەش بیر بخەینەوە کە یەکێک لە کێشەکانی نێوانمان ئەوەیە کە رێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە ناڕەوا دەستی بەسەر هەموو بەڵگەکان وئارشیڤ ودارایی رێکخراوەکەدا گرتووە.

لەم رووەوە کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە ئەو دەسەڵاتە بە کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی خۆی دەدا کە بۆ داڕشتنی رێساکانی پەیوەندمان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە پێی ئەو بنەمایانەی لەم بەڵگەیەدا راگەیەندران، بڕیاری پێویست بدا ولە هەمان کات دا داوای دەست راگەیشتنمان بە ئارشیڤ و بەڵگە هاوبەشەکان و دابەشکردنی عادڵانەی دارایییەکانی رێکخراوەکە، وەک داوایەک کە بۆ چاوپۆشی لێکردن نابێ، بێنێتە گۆڕ وشوێنی بگرێ.

* * *

www.iran-archive.com

# سەبارەت بە هەڵسووڕان لە نێو ژنانی کوردستاندا

## پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە

پووشپەڕ_ گەلاوێژی ١٣٨٠

١- ستەم لێکراویی ژنان ریشەی مێژوویی هەیە و، لە رادەی جۆراوجۆر و شێوازی ئاشکراو نائاشکرا دا تەنانەت لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکانیشدا درێژەی هەیە وسەرەڕای هەموو دەسکەوتەکانی خەباتی ئازادیخوازانەی ژنان لە پێناوی رزگار بوون لەم ستەمەدا، هێشتا ئەم ستەمە کۆسپێکی سەرەکی‌یە لەسەر رێگای گەشەی ئینسانی و کۆمەڵایەتی نیوەی کۆمەڵگای مرۆڤ لەم سەردەمەدا.

بزووتنەوەی خەبات بۆ رزگاری ژنان لە ستەمی جینسی ئەمڕۆ بووەتە بزووتنەوەیەکی بەرین و بەهێز لە ئاستی جیهاندا. یەکیسانیی تەواوی ماڤ ژنان وپیاوان لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، جینسی ، و لە خانەوادەدا، بووەتە داوایەکی هەمەگر لە بزووتنەوەی ژناندا. لە ژێر تیشکی هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی و وشیاریدەرانەی بزووتنەوە سەربەخۆکانی ژناندا و هەروەها بە هۆی لێکۆڵینەوە زانستی‌یەکان لە بابەت گۆشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ژنان لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا، لە لایەک سیما جۆراو جۆرەکانی ستەم لە ژنان و نابەرابەری لە پەیوەندە ناسیاوەکانی نێوان ژن وپیاودا زیاتر لە جاران ئاشکرا بووە و دراوەتە بەر رەخنە و، لە لایەکی دیکەوە زۆر لە دیاردەکانی فەرهەنگی ئازادیخوازانە و چەمکە فیمینیستی‌یەکان لەمپەریان شکاندوە و جێگیر بوون.

٢-حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە نزیکەی بیست ساڵ لەوە پێش لە کۆمەڵگای ئێراندا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، رەوتێکی کۆنەپەرستە، کە بە تایبەت دژایەتی کردنی لەگەڵ ژنان و دەسکەوتە جیهانی‌یەکانی مرۆڤ لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەباتیاندا، کەوتوەتە بەرچاوی خەڵکی جیهان. حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران ژنانی بە شێوەی یاسایی خستوەتە پلەی دووهەم و کردوونی بە پاشکۆی پیاوان و بەرژەوەندەکانیان.

**بزووتنەوەی خەبات بۆ رزگاری ژنان لە ستەمی جینایەتی ئەمڕۆ بووەتە بزووتنەوەیەکی بەرین و بەهێز لە ئاستی جیهاندا.**

www.iran-archive.com

بێ‌ماف کردنی ژنان لە بواری کاردا، لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و هونەریدا و لە ژیانی خانەوادەییدا، لە سایەی حوکمە دینی‌یەکاندا وەك هۆی سەرەکیی بەرهەم هێنانەوەی ئاپارتایدی جینسی و پتەو کەرەوەی فەرهەنگ و نەریتی پیاو مەزنانە، بووەتە بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا.

رەوتی رێفورم خوازی حکوومەتی و فیمینیزمی ئیسلامیش لە "رێفورم"ی پەیوەندی‌دار بە مەسەلەکانی ژناندا، سەرەڕای هەرای زۆر، نەك هەر لە پاراستنی ئاپارتایدی جینسی‌دا هاوکاری باڵی راستی حکوومەت بوون، بەڵکوو هۆیەك بوون بۆ بەلاڕێدا بردنی خەباتی ژنانی ئێران و وەستانەوەیان بەرانبەر بە یاساکانی حکوومەتی ئیسلامی لە دژی ژنان

سەرەڕای هەموو سەرکوتگەری و کۆسپ و تەگەرەیەك، بزووتنەوەی ژنانی ئێران لە ناوەوە ودەرەوە بووەتە هێزێکی کۆمەڵایەتیی رەخنەگر و خوازیاری پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگای ئێراندا. ژنانی ئێران پێشکەوتنێکی بەرچاویان لە بواری ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەری‌دا بەدەست هێناوە.

٣- لە کوردستان سەرەڕای پێشکەوتنی گشتی، بزووتنەوەی سەربەخۆ و پێشکەوتنخوازی ژنان دەسکەوتێکی بەرچاوی نی‌یە. سەرکوت و بێ‌ماڤ و دۆخی میلیتاریزەی بەردەوام، هاوکات لەگەڵ گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم ناوچەیەدا کە زیاتر لە بیست ساڵە درێژەی هەیە، لە پێك هێنانی ئەم وەزعەدا دەوری سەرەکیی بووە. ئەگەرچی لەم ماوەیەدا ژنانی کوردستان وەك شوێنەکانی دیکەی ئێران لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیان، کار، خوێندن و لە زیندان و مەیدانەکانی خەبات و بەرەنگاربوونەوە دا لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دا بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی وەستاونەتەوە و لە خەباتی ئازادیخوازانەی گشتی‌دا هێزێکی کاریگەر بوون، بەڵام لە روویەکی دیکەوە سازانی حیزبە سوننەتی‌یەکانی ناو بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستان لە گەڵ نەریت و پەیوەندە دواکەوتووەکانی ناو کۆمەڵ و پاساو کردنی ئەم سازانە لە ژێر ناوی گرینگی بوونی خەبات لە پێناوی مافەنەتەوەیی‌یەکاندا، هاوکات لەگەڵ گەشە نەکردوویی باری ئابووری لە کوردستان کە بە هۆیەوە هێزێکی بەرینی ژنان نەیانتوانیوە لە بوارەکانی کار و هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی‌دا خۆ نیشان بدەن، لە کۆسپە سەرەکی‌یەکانی سەر رێگەی پێشکەوتن و گەشە کردنی بزووتنەوەی ژنانی کورد بوون. لە هەمان کاتدا لە پێش بوونی خەباتی چەکدارانە لە بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کوردستاندا و پیاوانە بوونی ئەم شێوازەی خەبات، لە کاتێکدا کە رێکخراوە جەماوەری و دێموکراتیکەکان و رێکخراوەکانی ژنان لە ئارادا نەبوون، بووەتە هۆی ئەوە کە مەیدانی هەڵسووڕانی ژنان لە بواری جۆراوجۆری توانایی و لێهاتوویی‌یەکانیان دا تەنگەبەر بێتەوە.

کۆمەڵە وەك رێکخەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و ئالاهەڵگری ماف و ئازادیی‌یە دێموکراتیکەکان، لە بیست ساڵی رابردوودا خەباتکاری رێگەی یەکسانی ماڤ ژن وپیاو و رزگاریی ژنان لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ستەمی جینسی بووە. کۆمەڵە لە وشیاربوونەوەی سیاسیی ژنانی کوردستان دا و لە ئاشنا بوونیان بە مافە ئینسانی و کۆمەڵایەتی‌یەکانیاندا دەورێکی بەنرخی بووە. هێنانە گۆڕی بەردەوامی بیری پێشکەوتوو و رادیکاڵ لە زەمینەی رزگاریی ژناندا و خەبات بەرانبەر بە دەسەڵاتی باوەڕی کۆن و پیاو مەزنانە، بەشێك لە هەڵسووڕانی کۆمەڵە بووە کە لە بەرینایی کۆمەڵ دا کاریگەر بووە. رێکخستنی ژنان لە هێزی چەکداری پێشمەرگەی کۆمەڵەدا...

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خەباتی گەلی کورد دا، هەنگاوێکی گرینگی مەسەلەی ژنان بوو لە کۆمەڵگای کوردستاندا. چەمکی پێشمەرگەی ژن، لەگەڵ ناوی کۆمەڵە وخەباتەکەی تێکەڵ بووە . بەڵام سەرەڕای ئەمانە و بە هەموو ئەو دەسکەوتە مێژوویی و بەنرخانەشەوە کە لەم مەیدانەدا بەدەست هاتوون، خاوبوونەوەی هەڵسووڕانی بەرنامە بۆداڕێژراوی کۆمەڵە لە پێناو گەشەپێدانی لایەنە کۆمەڵایەتی‌یەکانی خەباتی ژنانی کوردستان، ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکانیان و هێنانە گۆڕی ڕێنوێنی و پێشنیاری پێویست بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی ژنان، لەم ساڵانەی دواییدا بەرچاو بووە. تەنانەت لە ناوخۆی ریزەکانی کۆمەڵەشدا ئەم سستی و پشت گوێ خستنە، تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگەی کردبووەوە بۆ ڕوانگەی تەسك و بێدەنگە کردن لە حاست ڕوانینی پیاو مەزنانە بۆ هەڵسووڕانی هاوڕێیانی ژن.

ئەلف–بە لەبەرچاو گرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە داوا لە کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی خۆی و هەموو هاوڕێیانی ریزەکانی کۆمەڵە لە هەموو شوێنێك دەکا کە بە پشتیوانی کردن لە جموجووڵ و هەنگاوە سەربەخۆکانی ژنان، بە بێ بەرچاوتەسکیی ڕێکخراوەیی، هەوڵ بدەن بۆ بەرەوپێش بردنی نەریتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە لە بواری داکۆکی کردن لە مافەکانی ژناندا و، هەروەها لەم ڕێگەیەدا پشت ببەستن بە ئەزموونی زیاتر لە بیست ساڵ خەباتی ئاشکرا و جەماوەری. پێویستە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە و لە ناویاندا بە تایبەت هاوڕێیانی ژن تێکۆشەری نەسرەوتووی گرسان و پەرەگرتنی بزووتنەوەیەکی رادیکاڵ و سەربەخۆی ژنان لە پێناو یەکسانی و رزگاریدا بن.

ب– کۆنگرە هەوڵ و تێکۆشان بۆپێکهاتنی کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوی جۆراوجۆری سەربەخۆی ژنان کە هەرکامیان بە پێی هەل‌ومەرج و بە گوێرەی تەرازووی هێزەکان و لە پێناو بەدیهێنانی داواکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژناندا ئەرکی دیاریکراو دەگرنە ئەستۆ، بە ئەرکێکی گرینگی ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخواز دەزانێ و، داوا لە هەموو هاوڕێیانی کۆمەڵە لە شوێنە جۆراوجۆرەکان دەکا کە پشتیوان و یارمەتیدەری خەباتی تێکۆشەرانی ژن لەم مەیدانەدا بن.

ج– کۆنگرە بڵاوکردنەوەی دەسکەوتەکان و ڕوانگەکانی بزووتنەوەی ڕادیکاڵی ژنان و ئاشنا کردنی ژنانی خەباتکار و پێشڕەوی کوردستان لەگەڵ ئەم باسانە و ئەزموونەکانی خەباتی جیهانی ژنان بە پێویست دەزانێ و هەوڵ دەدا هەموو تواناییەکان لەم بوارەدا بخاتە گەڕ.

د– کۆنگرە هەموو بەشەکانی کۆمەڵە، بە تایبەت هەڵسووڕاوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لە شارەکانی کوردستان بانگەواز دەکا کە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ژنانی ئازادیخواز و تێکۆشەر بە ریزەکانی کۆمەڵە پەیوەست بن لە پێناو ئامادەکردنی هاوڕێیانی ژندا بۆ وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی لە کۆمەڵە دا، لە هەموو بەشەکان و ڕێکخراوەکاندا هەوڵی پەیگیرانە بدەن و هەنگاوی پێویست هەڵگرن و بە شێوەی بەردەوام بە کار و هەڵسووڕانی خۆیاندا بچنەوە هەتا هەر کەم‌وکووڕییەك لە پەیوەند لەگەڵ مەسەلەکانی ژناندا لە هەڵسووڕانیاندا هەیە لای‌بەن.

ە– کۆنگرە دیاردەی وەك کوشتنی ژنان بە پاساوی ناموس و خۆسووتاندنی ژنان وەك دیاردەی گرینگی ستەم لێکراوی و بێ‌مافی ژنان چاو لێدەکا و، داوا لە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە کوردستان و هەموو ژنان و پیاوانی تێکۆشەر دەکا کە تێکۆشانێکی بەرین بۆ پەردە هەڵدانەوە لە سەر ئەم دیاردە دڵتەزێنانە دەست بسدەنێ و بیروڕای گشتی لە دژی هەڵخرێنن و هەڵسوڕانێکی وشیاریبەخش لە پێناو بنەبڕکردنی ئەم دیاردانەدا بەرێوە بەرن.

پاشماوەی ئامانج و ستراتیژی کۆمەڵە:

سەرکوت کردنی کوردستان، زۆر کەمتر دەکاتەوە و ئەو دەرفەتە بۆ گەلی کورد دەڕەخسێنێ کە بە دڵنیایی و هێزێکی زیاترەوە داخوازەکانی خۆی بەسەر حکوومەت دا بسەپێنێ. کۆمەڵە هەروەها داواکاری ڕێککەوتنی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانە بۆ پابەندبوونیان بە پەنا نەبردن بۆ زۆر لە پەیوەندەکانی نێوانیان دا و بۆ پاراستن و دابین کردنی هەل و مەرجی دێمۆکراتیك لە کۆمەڵگای کوردستان دا. ئێمە بەدیهاتنی ئەم سیاسەتە بە قازانجی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکانیان، بە قازانجی گەشەی وشیاریی سیاسیی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و بە قازانجی هەنگاونانی کوردستان بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێڕن و دێمۆکراتیك دەزانین.

کۆمەڵە لە پلۆرالیزم و فرەچەشنیی سیاسی و فەرهەنگی لە کۆمەڵگای کوردستان دا، لە بەرقەراربوون و پاراستنی ڕێسا دێمۆکراتیکەکان، لە هەڵبژاردەبوون و خۆ بە بەرپرس زانینی دەزگاکانی دەسەڵاتدارەتی لە کوردستان داکۆکی دەکا و هەموو توانای خۆی بۆ پاراستن و داکۆکی کردن لەم بنەمایانە دەخاتەگەڕ. کۆمەڵە ئاڵاهەڵگری داکۆکی کردن لە ئازادییەکان و مافە تاکەکەسی و سیاسییە بەرینەکانی شارۆمەندان، ئازادیی هەمەلایەنەی دەربڕین، بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی، کۆبوونەوە و ڕێکخراوبوون، ئازادیی ڕەخنەگرتن لە حیزبەکان و لێپرسراوانی کاروباری گشتی، ئازادی ڕاگەیاندن و ڕەخنەگرتنی عەقیدەیی و سیاسی و ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسی و ئازادی پەیوەست بوون یان پەیوەست نەبوونی شارۆمەندان بە هەر کام لە حیزبەکانەوەیە و، داکۆکی کردن لەم ماف و ئازادییانە بە ئەرکی خۆی دادەنێ.

٩– کۆمەڵە لە خەباتی ئازادی بەخشی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ بەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس پشتیوانی دەکا و بۆ پێکهێنانی نزیکایەتی سیاسی و فەرهەنگی لە نێوانیان دا، تێدەکۆشێ.

* * *

پاشماوەی ساختاری سیاسی ئێران:

سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، دەورەیەکی نوێی خەباتی ئازادیخوازانەی دێمۆکراتیك و نەتەوەیی دەستی پێکردوە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە و زیاتر لە بیست ساڵە لە ژێر سەرکوت، زیندان وشکەنجە، دوور خستنەوە و کۆچ پێکردن، لەشکرکێشی و داگیر کردنی چەکدارانە، بێ مافی و هەڵاواردن لە بواری خوێندن، ئابووری، ئیداری و کار پێ سپاردن و، لە بواری ڕۆشنبیری و فەرهەنگی دایە و، هەر بۆیە پێویستە لە وڵاتی ئێران دا جێگا و شوێن و زەمانەتێکی یاسایی و سیاسی و ئیداریی دیاریکراوی لە بابەت بەڕێوە بردنی ناوچە کوردنشینەکان پێ بدرێ کە لە بەرانبەر ئەم ستەمگەری و هەڵاواردنانە دا بیپارێزێ و داخوازێ بنەڕەتییەکەی وەدی بێنێ کە بریتی‌یە لە دابین بوونی دەسەڵاتدارەێتی خەڵکی کوردستان.

لە بەر ئەوەی حکوومەتی سۆسیالیستی داهاتووی ئێرانیش تەنیا دەتوانێ بەیەکسانی مافی نەتەوەکان و پێکەوە ژیانی برایانە و دڵخوازانەیان پشت ئەستوور بێ و ئێرانێکی فیدراتیڤ زمانەتێکی وەدیهاتنی ئەو هەل و مەرجەیە.

لە بەر هەموو ئەمانە، ئێمە بەڕێوە بردنی ئێران بە شێوەی فیدراسیۆنێکی دێمۆکراتیك لە پێناو نەهێشتنی هەڵاواردنی نەتەوەیی و دابین کردنی یەکسانیی مافی گەلان و دەستەبەرکردنی پێکەوە ژیان و هاوپشتیی گەلانی دانیشتووی ئێران و هەروەها دەستە بەرکردنی دێمۆکراسی و بەشداریی جەماوەری خەڵك لە بەڕێوە بردنی کاروباری خۆیان دا، بە شێوەیەکی گونجاو بۆ ساختاری سیاسیی ئێران دەزانین و هەوڵدان بۆ وەدیهاتنی دەخەینە بەرنامەی خۆمانەوە.

* * *

www.iran-archive.com

# دەربارەی گیرۆدەیی بە ماددەسڕکەرەکان و
## خەبات بەرانبەری لە کوردستان
## پەسەند کراوی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە
پووشپەڕ- گەلاوێژی ١٣٨٠

دیاردەی گیرۆدەیی بە ماددە سڕکەرەکان لە ساڵانی رابوردوودا بووەتە یەکێك لە گرینگ ترین گرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی لاوان و خانەوادەکان لە کوردستان. جگە لە زەمینەی ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەم دیاردەیە، وەك هەژاری و بێکاری و بێداهاتوویی کە هۆکاری سەرەکیی ئەمانەش کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانیەتی کە لە بیست ساڵی رابوردوو دا بەڕێوەی بردوون، رێگە کردنەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ماددەسڕکەرەکان و پەرەگرتنی گیرۆدەیی لە نێو لاوان دا سیاسەتێکی بە دانستەی کۆماری ئیسلامی و دەزگای "اطلاعات" و زۆر لە دەزگاکانی دیکەی ئەم حکوومەتەیە.

هەژاریی گشتی و بێکاری بەرینی لاوان، نادیاربوونی داهاتوویان و نادڵنیایی لەوەی بتوانن کار پەیدا بکەن، قورسایی بێبەشی‌ییەکانی لاوان کە لە ژیان هیوابڕاویان دەکا، نەبوونی دەرفەرت و ئیمکانی خوێندن و وەرزش و بە خۆڕاگەیشتن، بەرتەسك کردنەوەی سنووری هەڵسووڕانی لاوان و بەستنەوەی توانای داهێنانان، دەست درێژی حکوومەت و دەزگا جۆراوجۆرەکانی بۆ ناو هەموو کون و کەلێنێکی ژیانی تاکەکەسی، قەدەغەکردنی پەیوەندی ئازادانەی نێوان کوڕ و کچ و ریگە گرتن لە هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەری ژیان و سەرباری ئەوەش خەرجی کەمەرشکێنی پێکەوەنانی پێویستی‌یەکانی ژیانی هاوبەش کە لاوانی بێکار و بێداهات بۆیان دژوارە دابینی بکەن، ئەمانە و گەلێك گرفتی دیکە، لاوان بەرەو هیوابڕاوی و نائومیدی پاڵ پێوەدەنێن و داهاتوو لە بەرچاویان لێڵ و نادیار و نادڵنیا دەکەن و زەمینەی کۆمەڵایەتی و رۆحی ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی لاوان پەنا بەرنە بەر ماددە سڕکەرەکان.

بەڵام جگە لەوانەش، کۆماری ئیسلامی ساڵەهایە لە کوردستان سیاسەتی بە دانستەی بڵاوکردنەوەی ماددە سڕکەرەکان و گیرۆدە کردنی لاوان بەڕێوە دەبا. لەبەر ئەوەی دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا لەگەڵ حیزب و رەوتیکی دیاریکراو نی‌یە بەڵکوو دوژمنایەتیی هەموو گەلی کورد و بزووتنەوەکەی و داخوازەکانی دەکا و لەبەر ئەوەی هەموو کوردستان بە ماڵی دوژمن دەزانێ، بۆیە چارەڕەش کردنی لاوانی کوردستان و فەوتاندنی خۆیان و داهاتوویانی بە ئامانجی ستراتژیکی خۆی داناوە. جگە لەوەی ئەمە بازرگانیی‌یەکی پڕ سوودە بۆ بەڕێوەبەرانی، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆر مەبەستیانە تۆڵەی ئەوە لە لاوانی کوردستان بکەنەوە کە وەك هێزێکی بوێر و خۆڕاگر و تیکۆشەر لە ریزی پێشەوەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی کوردستان دا بوون و، دەیانەوێ بیانکەنە کەسانیك کە تین و تەوژم و بڕوا بەخۆ و ورەی خەباتیان دۆڕاندووە و لە پەنجەی ژیـن فەوتێنی ماددە سڕکەرەکان دا گرفتارن. ئێستا کارگوزارانی فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی ماددە سڕکەرەکان لە کوردستان یان هاودەست و شەریکی دەست و پێوەندەکانی دەزگای "اطلاعات"ن یان بە بەرچاوی ئەوانەوە و بە رەزامەندیی ئەوان دەیکەن.

لە بەر هەموو ئەم هۆیانەی سەرەوە خەبات لە دژی پەرەگرتنی ماددە سڕکەرەکان یەکێك لە پێویستی‌یە گرینگەکانی ئەمڕۆیە و پێویستە هەموو کەسانی شەرافەتمەندی کۆمەڵ لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە پێویستە تێکۆشان و خەباتێکی بەرینی جەماوەری لە هەموو ئاستەکان دا، لە نێو لاوان، خانەوادەکان، شوێنەکانی خوێندن، گەڕەکەکان، مامۆستایان، پزیشکان و کەسانی دیکە بکەوێتە گەڕ و، هەموو ئەو کەسانە کە دڵ لە دوای ساغیی کۆمەڵگا و ژیان و داهاتووی لاوان و خوازیاری پاك کردنەوەی کوردستان لە شوێنەوارە ژیـن فەوتێنەکانی سیاسەتەکانی حکوومەتی گەندەڵی کۆماری ئیسلامین، خۆیان لەم خەباتە دا بە هاوبەش و خاوەن جێگا بزانن.

هەر ئێستا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ داپۆشینی سیمای تاوانباری خۆی لەم زەمینەیە دا بە شێوەیەکی دووڕوویانە و بۆ چاوبەستنی خەڵك خەریکی هەندێك کارە. ئەم هەنگاوانەی رژیم تەنیا بۆ پەردە پۆش کردنی سیمای تاوانبارانی راستەقینە و بە فیڕۆدانی بووجەی وڵاتە و بە هیچ شێوەیەك کارساز نی‌یە. هەنگاوی راستەقینە پێویستە بە بەشداری جەماوەر بە شێوەی سەربەخۆ بێ و لە هەمان کات دا بتوانێ لە کاتی پێویست دا داوای کارئاسانی لە کاربەدەستانی پەیوەندیداری دەوڵەت و دەزگا دەوڵەتی‌یەکان بکا و بۆ بەدیهێنانی داخوازەکانی بیانخاتە ژێر گوشار و لەم بوارەدا نوێنەرایەتیی داخوازەکانی جەماوەر بکا.

پێش هەموو شتێك لاوان خۆیان لە خوێندنگەکان و شوێنەکانی خوێندن لە شوێنەکانی کارو لە گەڕەکەکان پێویستە لە دژی سیاسەتی پەرەگرتنی گیرۆدەیی دەست بە کار بن و هەڵسووڕانێکی بەرین بۆ وریا کردنەوەی لاوانی دەوروبەری خۆیان دەست بدەنێ و نەهێڵن بکەونە داوی تۆڕەکانی بڵاوکردنەوەی ماددە سڕکەرەکان و یارمەتی‌یان بدەن بۆ ئەوەی ڕوو بکەنە بواری بە کەڵکی وەك وەرزش، شاخەوانی، وەرزشی ڕەزمی مۆسیقا و چالاکیی دیکەی هونەری، خۆیندنەوە و پەروەردەی فیکری و، دەست بدەنە پێکهێنانی یانە و تیپی جۆراوجۆر کە تێیاندا سەرقاڵی ئەم جۆرە چالاکی‌یانە بن. پێویستە لاوان بە دەربەست و خەمخۆری ژیان و چارەنووسی یەکتر بن و لە تەنگانە دا دەسگیرۆیی یەکتر بکەن و ئەگەر دۆست و ئاسیاویان تووشی گرفت و لێقەومان هات هەرگیز پشتی تێ هەڵنەکەن و بە تەنیا جێی نەهێڵن. پێویستە لاوان هەروەها هەوڵ بدەن بۆ پێکهێنانی هاوپشتیی خەباتکارانە لە نێو خۆیاندا و بەرانبەر بە زێدەڕۆیی دەست و پێوەندەکانی حکوومەت یەکگرتوانە راوەستن و پشتیوانیی لە یەکتر بکەن و بە خەباتی... ل١٢

**دیاردەی گیرۆدەیی بە ماددە سڕکەرەکان لە ساڵانی رابوردوودا بووەتە یەکێك لە گرینگ ترین گرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی لاوان و خانەوادەکان لە کوردستان.**

www.iran-archive.com

# سەبارەت بە بزووتنەوەی نوێی ڕۆشنبیری لە کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە

پووشپەڕ_ گەلاوێژی ١٣٨٠

کوردستانی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی بێ وێنەی بە خۆیەوە دیوە. ئەم بزووتنەوە ڕۆشنبیرییە مۆرکی ئەو ئاڵوگۆڕە فیکری و ڕۆشنبیرییەی پێوەیە کە لە سەراسەری ئێران سەری هەڵداوە و، لە هەمان کاتدا ڕەگسی لە تایبەتمەندیەکانی کوردستاندایە وەك کۆمەڵگایەکی زۆرلێکراو و، ئەنجامی ڕەوتێکی وەخەبەرهاتن و خۆناسینە لە فەرهەنگی نەتەوەیی گەلی کورد دا.

ئەو ئاڵوگۆڕە ڕۆشنبیری‌یە کە لە دە ساڵی ڕابردوودا لە بەرینایی مەیدانی ڕۆشنبیریی ئێرانی‌دا لە ناوخۆی ئێران سەری هەڵداوە و، شکانی دەسەڵاتی چەمك و گوتارەکانی کۆنەپەرستی بەردینی ئایینی، سەرەڕای هەموو کۆسپە دەوڵەتی و ڕەسمی‌یەکان، تا ڕادەیەك بووەتە هۆی گەشە و هەڵدانی فیکری و فەرهەنگیی کۆمەڵگای ئێران و بە ڕادەیەکی دیاریکراو ڕێگای کردوەتەوە بۆ هەمەچەشنیی فەرهەنگی. لەم ڕێڕەوەدا ڕەوتی فیکری و فەرهەنگیی جۆراوجۆر، تاڕادەیەك دەرفەتی خۆدەرخستنیان بۆ ڕەخساوە. ئەم ئاڵوگۆڕە، گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردستانیشی گرتووەتەوە و شەقامە فیکری فەرهەنگی‌یەکانی کوردستانیش جوولەی گۆڕانیان تێ کەوتووە. ڕۆشنبیرانی‌کوردستانی ئێران، چ لە ڕێگەی پەرە گرتنی پەیوەندە جیهانییەکان و تێکەڵاوبوونی ڕاستەوخۆ و چ لە ڕێگەی بەرهەمەکانی نووسەرانی ئێرانی و وەرگێڕدراوی بەرهەمەکانی نووسەرانی دەرەوەی ئێرانەوە، کەوتوونەتە بەر کاریگەریی شەپۆلە فیکری‌یەکانی جیهانی هاوچەرخ.

لە لایەکی دیکەوە، پەرەگرتنی بەرچاوی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی و پەرەگرتنی عەلاقەمەندی بە ئەدەبیاتی کوردی، سەرەڕای هەموو کۆسپ و بەربەست و قەدەغەکانی سەر ڕێگای ئەم ڕەوتە و سەرەڕای نەبوونی دەرفەتی خوێندن بە زمانی کوردی، هەروەها گەشەکردنی ئەدەبیاتی کوردی بە تایبەت لە دەرەوەی سنووری شێعر، لە چیرۆك و ڕۆمانەوە بگرە هەتا ڕەخنەی ئەدەبی وتوێژینەوەی کۆمەڵایەتی، گەشەکردنی باسەکانی پەیوەندیسدار بە لێکۆڵینەوە و مێژوو سەرەڕای کۆسپەکانی سەر ڕێگای، پەرەگرتنی بەرینایی ئەم بزووتنەوە ڕۆشنبیری‌یە و پەل هاویشتنی بۆ هەندێك ناوچەی کوردستان کە جاران لەم بوارەدا چالاکی‌یەکی وایان نەبوو، ساغ بوونەوەی هەرچی زیاتری زمانێکی یەکگرتوو کە لە هەموو ناوچەکان بەرهەمی ئەدەبیی پێ‌دەنووسرێ، پێکهاتنی پەیوەندێکی ڕۆشنبیریی بەرین لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان لە وڵاتانی دیکە بە جۆرێك کە لە ئاستێکی بەریندا ئەدەب و ڕۆشنبیریی ئەم بەشانە کار دەکەنە سەر یەکتری، ئەمانە هەموویان لایەنی دیکەی ئەو بزووتنەوە ڕۆشنبیری‌یە نوێیەی کوردستان نیشان دەدەن.

کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە ئەم بزووتنەوە ڕۆشنبیری‌یە بە گرینگ و بایەخدار دەزانێ و لە سەر ئەو بڕوایەیە کە لە درێژخایەن دا ئەنجامی شایستەی لێ‌دەکەوێتەوە و سەرجەمی کۆمەڵگای کوردستان بەرەوپێش دەبا، وشیاریی گشتی و ئاستی ڕۆشنبیریی گشتی بەرزتر دەکاتەوە و، کە وابوو سەرەڕای سانسۆر و بەربەستەکانی سەر ڕێگای، زەمینەیەکی گونجاو بۆ پەرەگرتنی فەرهەنگی پێشڕەو و ئازادیخوازانە پێك دێنێ و، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی سێکولار و پاشەکشە پێکردن و هەڵچنینی ئەم دۆخەی ئێستا، کە مەرجی هەرەگرینگی گەشەی ڕاستەقینەی فەرهەنگی‌یە لە کۆمەڵگای کوردستان دا.

ئەم بزووتنەوە ڕۆشنبیری‌یە لە هەمان کات دا فرەچەشنە و، ڕەوتی ناوخۆیی جۆراوجۆری گرتۆتە خۆی. کۆمەڵە و هەموو ڕێبازی سۆسیالیستی لە کوردستان و ئێران پێویستە وێڕای پشتگیری و بە هێزکردنی ئەم جموجووڵە فەرهەنگی‌یە، هەوڵ بدەن کە ئەم بزووتنەوەیە لە لایەك بە شێوەیەکی پتەوتر لە پێویستی‌یەکانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش هەڵپێکرێ، نەبێتە بزووتنەوەیەکی تەریك و لاکەوتە بەڵکوو لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و پێویستی‌یەکان و خەباتی خەڵك تێکەڵ بێ و، لە لایەکی دیکەوە لە باری ناوەرۆکیشەوە هەرچی زیاتر بەرەو فەرهەنگێکی پێشڕەو و ئازادیخواز و نوێخواز، لایەنگری ئازادی ژن، لایەنگری دادپەروەری کۆمەڵایەتی و، بە کورتی بەرەو فەرهەنگێکی سۆسیالیستی بچێ.

لە بواری کردەوەدا، کۆمەڵە لە هەموو هەوڵ و هەنگاوێك بەرەو لێك نزیك بوونەوە و هاوکاری و لە دەوری یەك کۆبوونەوەی پیشەیی هونەرمەندان و نووسەران و قەڵەم بە دەستانی کوردستان و لە پێك هێنانی ئەو بنکە و ڕێکخراوانە کە بتوانن لە ئاستی کوردستان دا خزمەت بە پەرەگرتنی ڕۆشنیری بکەن و پشتیوانی لە داوا فەرهەنگی و پیشەی‌یەکانیان بکەن، پشتیوانی دەکا و وێڕای ئەوەی بە چاوی ڕێز و بایەخ...

ل١٣


سەعاتی بڵاوبوونەوەی هەموو ڕۆژێك

نیوەڕوان: ٣٠ / ١٢ هەتا ١/٣٠

شەوانە: ٨ هەتا ٣٠ /٩

ڕادیو

دەنگی کۆمەڵە

سەعاتێك بە زمانی کوردی و

نیو سەعات بە زمانی فارسی

بەرنامە بڵاو دەکاتەوە

شەپۆلەکانی بڵاوبوونەوە:

٦٥متر بەرابەر بە ٤٦٠٠ کیلوهێرتز

و

٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٨١٠ کیلو هێرتز

بوێرانەی خۆیان بەرەنگاری بازرگانە تاوانبارەکانی ژینی لەرزۆك و مەرگی سڕ ببنەوە و تەنگیان پێهەڵچنن، ریسوا و پەنجەنمایان کەن و دەرفەتیان لێ بقەوتێنن.

بێگومان خەباتی یەکگرتووانە و جەسوورانەی‌جەماوەری بەرینی لاوان گرینگترین و بەهێزترین هۆی سەرکەوتنە لەم بەرەنگاربوونەوەدا. پێکهێنانی کومیتەی بەرەنگاربوونەوەی گیرۆدەیی و خەبات لە دژی پەرەگرتنی مادده سڕکەرەکان، لە لایەن کەسانی خۆشناو و باوەڕپێکراوی خەڵك و، دایکان و باوکان و لاوان بە مەبەستی رێنوێنی کردنی لاوان و بردنیان بەرەو بوارە جۆراوجۆرەکانی هەڵسووڕانی بەکەڵك، پێکهێنانی ئیمکانات بۆ وازهێنان لەو گرفتارییە و چاك کردنەوەی ئەو لاوانەی کە کەوتوونەتە ئەو داوە ژین فەوتێنە، رێنوێنی کردنی خانەوادەکان لە بابەت چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم گرفتە و، هەنگاوی دیکەی لەم بابەتە گەلێك پێویست و چارەنووس سازن و کەسایەتییە خۆشناو و خێرخوازەکان لە شارەکانی کوردستان پێویستە لەم بوارەدا چالاك بن یان لە ریگەی جۆراوجۆرەوە پشتیوانی لەو چالاکییانە بکەن کە لەم بوارەدا دەکرێن. پزیشکان، پزیشکانی دەروون ناس و کارگوزارانی بواری تەندروستی و لەش ساغی پێویستە رێنوێنی کردنی لاوان و خانەوادەکان بۆ چۆنیەتیی بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم گرفتە

**بێگومان خەباتی یەکگرتوانە و جەسوورانەی جەماوەری بەرینی لاوان گرینگترین و بەهێزترین هۆی سەرکەوتنە لەم بەرەنگاربوونەوەیە دا.**

بە ئەرکی خۆیان دابنێن و بۆ وازهێنان لە گیرۆدەیی وچاککردنەوەی قوربانیانی ئەم بەڵایە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ توانای خۆیان بخەنەکار وچالاکانە بێنە ئەم مەیدانە و بەشێك لە ئەرکەکانی ئەم هەڵمەتە جەماوەرییە وەئەستۆی خۆیان بگرن. ئەوانەی دەستیان دەڕوا، دەبێ بە دەست و دڵێکی بەخشندە و فراوانەوە یارمەتیی ئەم پرۆژەیە بدەن و لەم هەڵمەتە جەماوەرییەدا بەشی خۆیان ببینن. لە پاڵ هەموو ئەمانەش، نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کە پەرەپێدانی خەبات لە پێناو بەدیهێنانی ئەو داخوازانەدا کە یارمەتیدەری گەشە کردن و پشکووتنی توانایەکانی لاوانن و زەمینەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی گیرۆدەیی کەم دەکەنەوە، وەك ئاسان بوونەوەی بەدەست هێنانی کار، بیمەی بێکاری، ئیمکاناتی وەرزش و خوێندن و بە بەحۆڕاگەیشتن و، پەرەگرتنی ئازادییە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکان، پێویستە هەمیشە لە سەرووی ئەو ئەرکانەوە دابندرێن کە لەم بوارەدا بەڕێوە دەبرێن و پێویستە لەهەموو خوێندنگەکان و شوێنەکانی خوێندن و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان و لە چاپەمەنییەکان دا، لە حکوومەت داوا بکرێن و هەوڵ بدرێ بۆ دابین کردنیان.

لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵە، لە هەموو کەسان و رەوت و رێکخراوەبەدەریەست و دڵسۆزەکان بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات داوا دەکا هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بیروڕای گشتی جیهان و دەزگا پەیوەندیدارەکان لە راستییەکانی ئەم کێشەیە ئاگادار بکەن و، بۆ هێنانەگۆڕی شکایەتێك لە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر ئەم سیاسەتە تاوانبارانەیەی هەوڵ بدەن.

تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە هەڵسووڕانی راستەوخۆی کۆمەڵەوە هەیە، کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە ئەو هەڵمەتە بەرینە کە کۆمەڵە لە ساڵی رابوردوودا لە دژی گیرۆدەیی و پەرەگرتنی مادده سڕکەرەکان بەڕێوەی بردووە بە بایەخەوە هەڵدەسەنگێنێ. ئەم هەڵمەتەی کۆمەڵە بووەتە جێگەی پشتیوانیی بەرینی جەماوەری خەڵك و دەبێ لێبڕاوانە درێژەی پێ بدرێ. پێویستە هەڵسووڕاوان و دۆستانی کۆمەڵە لە هەموو جێگایەك پشتیوانی لەم هەوڵانە بکەن و چالاکانە بەشدارییان تێدا بکەن.

* * *

پاشماوەی: بزووتنەوەی رۆشنبیری

پێدانەوە دەڕوانێتە چالاکییە فەرهەنگییە محەللییەکان لە هەر کام لە شارەکان و گرینگی و بایەخی کارەکەیانی لە بەرچاوە، لە سەر ئەو بڕوایەیە کە کاتی ئەوە هاتووە کە هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی چالاکییەکانی خۆیان، لەوانە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی سەندیکا و ئەنجومەن و بنکەی پیشەیی خۆیان لە ئاستی کوردستان دا بەرەوپێش بەرن و ئەم داوایە، کە داوایەکی تەواو رەوا و بەجێیە، بە هێزی هەڵسووڕان و دەسپێشخەری و هەوڵی خۆیان و بە پشتیوانیی گشتی خەڵك بەدی بێت.

هەروەها هەڵسووڕاوانی بواری رۆشنبیری پێویستە هەوڵ بدەن بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤار و چاپەمەنی و رۆژنامەی سەربەخۆ کە بتوانن زانیاری و هەواڵی دروست بگەیەننە دانیشتوانی کوردستان و لە هەمان کاتدا تریبوونی بیروڕای گشتیی وشیاری کوردستان و مەیدانی گەشەی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بن. ئەگەرچی چاپەمەنی و رۆژنامە سەربەخۆکان لە تارانیش لە ژێر گوشار و هەڕەشەدان بەڵام لەم زەمینەیەدا بێمافییەکی ئاشکرا بەسەر کوردستان دا سەپێندراوە و هەر ئەو دەرفەت و ئیمکانە کەموکورتەش بە کوردستان رەوا نەبیندراوە. ئەم بێمافی و سانسۆرە دەبێ بە دەسپێشخەری و بەدوادا چوون و هاوکاریی بەرینی رووناکبیرانی کوردستان پاشەکشەی پێ بکرێ و پێکهێنانی چاپەمەنیی ئازاد و سەربەخۆی کوردی ببێتە داوایەکی گشتی.

هونەرمەندان و لاوانی هۆگری بوارە هونەرییەکان پێویستە بە شێوەیەکی بەرین دەست بدەنە پێکهێنانی تیپی مۆسیقا، هەڵپەڕکێ، شانۆ و هیدیکە، کە بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی جۆراوجۆر بە شێوەی جەماوەری و بە کەمترین ئیمکانات بتوانن لەگەڵ جەماوەری بەرینی خەڵك و لاوان پەیوەند پێك بێت، بە جۆرێك کە سەرنج و عەلاقەمەندیی گشتی بەرەو ئەم بوارانە راکێشن و خزمەت بە پەرەگرتنی هونەر و بەرزبوونەوەی ئاستی هونەر بکەن، پەیامی خۆیان بگەیەننە خەڵك و لە هەمان کاتدا هەوڵ بدەن چالاکی خۆیان بەرنە ناو لاوان و کارێك بکەن کە لاوان هەرچی زیاتر هۆگری ئەم بوارە بەکەڵکانەی هەڵسووڕان بن.

کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە وێڕای ئەوەی سەر لە نوێ رایدەگەیەنێ کە پشتیوانی دەکا لەم وەخەبەرهاتن و جموجووڵە فەرهەنگییە نوێیە لە کوردستان و، وێڕای ئەوەی لەمپەری سانسۆر و ئەو کۆسپە سیاسییانە لە بەرچاوە کە زمانێکی تایبەت بەسەر بەرهەمی رۆشنبیران و نووسەران دا دەسەپێت. داوا لە هەموو رووناکبیران و هونەرمەندان و نووسەرانی پێشڕەوی کوردستان دەکا کە هەڵسووڕانی خۆیان لەم بوارەدا پەرە پێبدەن.

www.iran-archive.com

# بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی فیدراڵ و دامەزراندنی دەسەڵاتدارەتیی خەڵك لە کوردستان

## پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆهەمی کومەڵە

پوشپەڕ ـ گەلاوێژی ١٣٨٠

**پێشەکی**

لـــە روانگـــەی ئێمـــەوە، دەســـــتەبەربوونی مـــاف و داخوازەکانی خـەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی شایستە و پایەدار، لە ڕێگەی دامەزرانی سیستمێکی دیمۆکراتیکی پەیگیرەوە لە ئێران کە بێ ئەملا و ئەولا و بە تەواوی مافی نەتەوەکان لـە دیاریکردنی چارەنووسـیان دا بـــە رەسمـــی دەناسێ و لـە دەستوور (قانوونی ئەساسی)ی خۆیدا رای‌دەگەیەنێ، ئیمکانی هەیە.

ئیمــە خوازیـــاری پێکهـــاتنی ئێرانێکـــــی فیـــــدراتیڤ و دیمــۆکراتیکین کــە لــە کۆمــەڵێك حکوومەتی فیدراڵێ هاوماف پێك دێ و حکوومـــــەتی فیـــدراڵی ناوەندی تێیدا نوێنەری هاوبەش و هەڵبـژاردەی هـەموو ئـەم گـەل و ناوچە فیدرالأنەیە.

ئێمە لێرەدا بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێکهاتنی کوردستانێکی فیدراڵ رادەگەیـــەنین" بەرنامەیـــەك کـــە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئامانجـەکان و ستراتیژیی گشتیی کۆمەڵە هەیە و، بـــەدیهاتنی لـــە خزمـــەت دیمــۆکراتیزە کردنـــی ســاختاری سیاســـیی ئێـــران، پەرەپێـــدانی مەیـدانی بەشـداریی جـەماوەر لـە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا و هـــەروەها لـــە خزمـــەت لاچـــوونی ستەمی نەتەوەیی لە سەر نەتەوەی کورد و دامەزرانی دیمۆکراسی لە کوردستاندایە.

ئێمە بۆ بە دست هێنانی مافی دیـــاریکردنی چـــارەنووس و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەم بەرنامەیـــەدا راگەیەنـدراون، لـــە ڕێگــــــەی بزووتنــــــەوەی شۆڕشــگێڕانەی کۆمــەڵانی گــەلی کـــوردەوە خـــەبات دەکـــەین و، جـــەماوەری بـــەرینی خـــەڵکی کوردســـــتان بـــۆ بەســـەرکەوتن گەیانـــدنی ئـــەم بزووتنەوەیـــە و بـــەدیهێنانی ئـــەم داخوازانـــە کۆدەکەینـەوە و ڕێکیـان دەخـەین. لـــە هـــەمان کاتـــدا ئێمـــە، ئـــەم داخوازانـە بـە پشـت بەسـتن بـە خـــەباتی جـــەماوەر لـــە هـــەموو حکوومـــەتێکی ناوەنـــدیش داوا دەکەین.

**فەسڵی یەکەم–**

**سنووری دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی کوردستان**

١– هـــــەرێمی فیـــــدراڵی کوردســـتان، لـــە یەکگرتنـــەوەی ئازادانـــە و دڵخوازنـــەی ناوچـــە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێران، کە کەوتوونەتە ناو چەند پارێزگا، لە یەکەیەکی سیاسی و ئیداریدا، پێـــــــــــــك دێ.

**هەرێمی فیدڕاڵی کوردستان، لە یەککگرتنەوەی ئازادانە و دڵخوازنەی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێران، کە کەوتوونەتە ناو چەند پارێزگا، لە یەکەیەکی هەرێمی سیاسی و ئیداری، پێك دێ.**

٢– هـــــەموو کاروبـــــاری پەیوەندیـــدار بـــە یاســـادانان، دادوەری، پـــۆلیس، ماڵیـــات، ئیداری و فەرهـەنگیی کوردستان لـە ئەستۆی حکوومـەتی فیدراڵی کوردستانە. خەڵکی کوردستان و حکوومەتـــە فیدراڵەکـــەی، وەك هەموو ناوچە فیدراڵەکانی ئێران، لـــە هـــەمان کاتـــدا بەشـێك لـــە دەزگاکـــــانی یاســــــادانان و بەڕێوەبەرێـــــتی حکوومـــــەتی فیدراتیڤی ئێران پێك دێنن.

٣ – کاروباری پەیوەندیدار بە سیاســـەتی دەرەوە، پارێزگـــاری بەرانبـــەر بـــە هێرشـــی دەرەکـــی، بەرنامـــە و سیاســـەت داڕشـــتنی درێژماوەی ئابووریی، سەراسەری و سیستمی دراوی وڵات و تـۆڕێ پەیوەندەکانی وڵات، لە دەسەلأـی حکوومـــــەتی فیـــــدراتیڤی سەراسەریدایە. بەڵام لە هەر کام لـــەم بوارانـــەدا بڕیارێـــك کـــە راســـتەوخۆ پەیوەنـــدی بـــە بەرژەوەنـدەکانی گـەلی کـوردەوە، هـەبێ، بـە راوێـژ کـردن لـە گـەڵ حکوومـــەتی فیـــدراڵێ کوردســـتان دەبڕێتەوە.

٤– پـــۆلیس (انتظمــــات)ی نـاوخۆی کوردستان لـە دەسـەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی کوردستاندایە و هەرچەشـــنە راگواســـتنێکی چـــەکدارانەی هێـــزی چـــەکداری حکوومەتی فیدراڵی سەراسەری لە هـەرێمی فیدراڵی کوردستاندا، بە رەزامەندی و چاوەدێریی بەرزترین دەزگـــای حکوومـــەتی فیـــدراڵی کوردستان دەکرێ

٥– حکوومـــەتی فیـــدراتیڤی سەراسـەری هـەموو ساڵێ بە پێـی رێـژەی دانیشتوانی کوردستان لـە چاو هـەموو دانیشتوانی ئێـران و بـە لـە بەرچـاوگرتنی پێویسـتی قەرەبوو کردنـەوەی دواکەوتوویـیە ئابوورییـــەکان و بردنـــە ســـەری ئاسـتی گـوزەران و ئاســوودەیی خـەڵکی کوردســتان، بەشـێك لـە بوودجـەی وڵات بـۆ کوردســتان تـــەرخان دەکـــا. چـــۆنێەتی دابەشـکردنی ئـەو بوودجەیـە، لـە دەسـەڵاتی حکوومـەتی فیـدراڵی کوردستاندایە.

٦– لە دەزگا دەوڵەتییەکاندا، لـە خوێندنگـــەکان و زانکۆکـــانی کوردسـتان و دەزگـا رۆشـنبیری و هونەرییەکانـــــــــــــدا و لە دەزگاکانی راگەیاندندا زمانی کوردی وەك زمانی رەسمی بـەکار دەبـــــــــــــــرێ.

زمـانی فارسـیش لـە کوردســتان زمـــانێکی رەسمییـــە و لـــە

ل١٥

شۆڕش _ گۆڤارێکی سیاسی‌یە،

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەری دەکات.

سەرنووسەر: ناسری حسامی

ژمارە فاکسی "شۆڕش": 0046 8 6810155

www.iran-archive.com

خوێندنگەکان دەوخوێندرێ. زمانی رەسمیی نامە گۆڕینەوە و پەیوەندی گرتن لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵی سەراسەری، زمانی فارسییە.

## فەسڵی دووهەم ــ سەرخەتەکانی بەرنامەی حکوومەتی فیدراڵی

سەرخەتەکانی سیاسەت و بەرنامەی کاری حکوومەتی فیدراڵی کوردستان بریتین لە:

١- جیایی دین لە دەوڵەت" دین بە مەسەلەی خوسووسیی کەسەکان دادەندرێ و، هەرکەس ئازادە هەر دینێکی هەبێ یان هیچ دینێکی نەبێ، ئازادیی هەموو دینەکان و ئازادیی پەیڕەوانی دینە جۆراوجۆرەکان لە بەڕێوەبردنی بردنی ڕێوڕەسمە دینیەکانی خۆیان دا.

٢ - یەکسانیی مافی ژن وپیاو لە هەموو بوارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا و دانانی یاسا و ڕێسای وا کە هەموو ئەو نابەرابەرییانەی هەن هەڵوەشێنێتەوە و لە ژیان و فەرهەنگی کۆمەڵیان بسڕێتەوە.

٣-هەڵبژاردە بوونی دەزگاکانی بەڕێوەبەری و کاربەدەستان.

٤- زەمانەت کردنی ئازادیی تەواوی بیروباوەڕ، دەربڕین و چاپەمەنی و هەڵسووڕانی

## یەکسانیی مافی ژن وپیاو لە هەموو بوارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا و دانانی یاسا و ڕێسای وا کە هەموو ئەو نابەرابەرییانەی هەن هەڵوەشێنێتەوە و لە ژیان و فەرهەنگی کۆمەڵیان بسڕێتەوە.

سیاسی، ئازادیی تەواوی ڕێکخراوەکان و حیزبەکان و کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبی و هونەری و پیشەییەکان، ئازادی تەواوی سەندیکاکان و شوورا کرێکارییەکان هەڵسووڕانی پیشەیی و سیاسییان.

٥- هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و کەم کردنەوەی مەینەت و بێبەشییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و دابین کردنی پێویستییە سەرەکییەکانی لەش ساغی و خوێندن و تەئمینی کۆمەڵایەتی.

٦- بەڕێوەبردنی گرینگ ترین و سەرەتاییترین داخوازە کرێکارییەکان، وەك دیاری کردنی لانی کەمی هەقدەستی کرێکاران بە پێی ئاستی گرانی و پێویستییەکانی بژێوی خانەوادە کرێکارییەکان، دامەزراندنی سیستمێکی تەئمینی کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری.

٧- پێکهێنانی سیستمێکی ماڵیاتی بەپێی ڕادەی داهات ، بۆ دەستە بەرکردنی بەشداری بە پێی توانای کەسەکان لە دامەزراندن و پەرەپێدانی تەئمینە کۆمەڵایەتییەکان و خزمەت گوزارییەکانی بواری ئاسودەیی گشتیدا.

٨- خوێندنی بێ خەرج و بەزۆری هەتا کۆتایی تەمەنی ١٦ ساڵی. دامەزراندنی سیستمێکی خوێندن و پەروەردەی زانستی و پێشکەوتوو کە بە بێ هەڵاواردن لە دەسڕەسی هەمواندا بێ. بنەبڕ کردنی نەخوێندەواری لەڕێگەی بەڕێوەبردنی پەیگیرانە و خێرای پرۆژەی خوێندەوار کردنی گەورەساڵانەوە.

٩- پاراستن و باش کردنی ژینگە، پاراستنی دارستانەکان و ئاو و سەرچاوە تەبیعییەکان و، دروست کەڵك لێ وەرگرتنیان لە پێناو ئاوەدانی و ئاسوودەیی گشتیدا.

١٠- پەرەپێدان و گەشەپێدانی فەرهەنگ و هونەر، ڕۆژنامەکان، کتێبخانە گشتییەکان و، دانانی ڕێگا و شوێنێك کە دەسکەوتەکانی تکنۆلۆژی و زانست و پەیوەندیکان لە دەسڕەسی لاوان و کۆمەلانی خەڵك دا بن.

١١- خەبات لە دژی هۆکارەکانی گیرۆدەیی بە ماددە سڕکەرەکان، پێکهێنانی دەرفەت و پێویستییەکانی وچاندان، وەرزش، کار فێر بوون و پەروەردە بوون بۆ تازە لاوان و لاوانی کوردستان.

١٢- پەرەپێدانی ڕۆحی برایەتی و پێکەوە ژیان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران، دابین کردنی مافەکانی هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکان لە کوردستان.

* * *


سایتی کۆمەڵە لە سەر تۆڕی ئینترنێت

www.komala.org

ئادرەسی پۆستی ئێلێکترۆنیکی (ئیمەیل) کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

komala1348@hotmail.com

ژمارە تەلەفۆنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە شاری سلێمانی کوردستانی عێراق

٠٢١٢٤٧١١

ژمارە فاکسی نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:

Fax- 004622413923

ئادرەسی سەندووقی پۆستیئێلکترۆنیکی لە دەرەوەی وڵات:

Postfach 800272
51002 Koln
Germany


www.iran-archive.com

# سەبارەت بە کار لە نێو کرێکارانی کوردستان دا پەسەند کراوی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە

پووشپەڕ _ گەلاوێژی ١٣٨٠

١ – لە بەر ئەوەی کرێکارانی کوردستان لە خەباتی ڕۆژانەی خۆیان دا بەرانبەر بە خاوەنکاران و دەوڵەت، تەنیا ناکەونە بەرانبەر بۆرژوازیی کورد بەڵکوو دەکەونە بەرانبەر سەرجەمی بۆرژوازیی ئێران و دەزگای سەرکوتی دەوڵەتی و یاسا ستەمکارانەکەی و، هەروەها لەبەر ئەوەی خەبات بۆ سۆسیالیزم لە ئێران خەباتێکی سەراسەریی‌یە و پێویستی بە یەکگرتوویی چینایەتی هەموو کرێکارانی ئێران هەیە، بۆیە کۆمەڵە وەك حیزبی سیاسیی کرێکارانی کوردستان هەوڵ دەدا بۆ ڕێکخستنی کرێکاران و وشیارکردنەوەیان و، هەروەها هەوڵ دەدا یارمەتی‌یان بدا هەتا بە بێ لەبەر چاوگرتنی جیاوازیی نەتەوەیی و جینسی و باوەڕی ئایینی، لە ڕێکخراو و سەندیکای جۆراوجۆر دا خۆ ڕێك خەن و لە هەر جێگایەك کە سەندیکای سەراسەریی لەم چەشنە لە ئەنجامی خەباتی کرێکارانی ئێران دا پێك هاتن، پێیان پەیوەست بن.

٢– هەڵسووڕاوانی کرێکاری و کرێکارانی پێشڕەو و هەموو هەڵسووڕاوان ولایەنگرانی کۆمەڵە لە شوێنە کرێکاری‌یەکانی کوردستان پێویستە بە گشتی کارکردن لە زەمینەی وشیارکردنەوەی کرێکاران دا و هەوڵدان بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوی کرێکاری، هەرچەندی بچووکیش بن، بە گرینگترین ئەرکی خۆیان دابنێن، و بە شێوەیەکی ماندوویی نەناسانە هەوڵ بدەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی سیاسی و گەشەی فەرهەنگی خۆڕێکخستنی کرێکاران. ئەم هەڵسووڕاوانە پێویستە ئەوەیان لەبەرچاو بێ کە لەبەر تایبەتمەندی‌یەکانی کۆمەڵگای کرێکاریی کوردستان، هەڵسووڕان لەم زەمینەیە دا پێویستیی بە کارێکی بەردەوام پەیگیرانە هەیە. ئەم هەڵسووڕاوانە پێویستە لە هەموو هەنگاو و کۆششێکی بچووك دا، لە پێك هێنانی سندووقی هاوپاریی کرێکاران وبێکارانەوە بگرە هەتا خەباتی گەورە و بەرینی کرێکاری، دڵسۆزانە بەشداری بکەن و لە بیریان بێ کە هەر ئەم هەوڵ و کۆششانەن کە فەرهەنگی خەباتکارانە و فەرهەنگی خۆڕێکخستنی کرێکاری پەرە پێسدەدەن و سەرەنجام دەرفەتی وەدیهاتنی پێ دەبەخشن.

کۆمەڵە لە دەورەی داهاتوودا و لە ساڵانی دواتر دا دەبێ بۆ دانانی بەردی بناغەی خۆڕێکخستنی کرێکاری لە کوردستان و بەرزکردنەوەی فەرهەنگی خەباتکارانەی کریکاران دەورێکی هەرچی کاریگەرتر ببینێ و، بەم چەشنە گەورەترین خزمەت بە کرێکارانی کوردستان بکا و لە هەمان کاتدا پەیوەندێکی لە پسان نەهاتوو لە گەڵ بزووتنەوەی کرێکاری دابمەزرێنێ. هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە شوێنە کرێکاری‌کان دەبێ تێکۆشەرانی پەیگیری ئەم ئامانجانە بن.

٣– دواکەوتوویی ئابووری و سەنعەتیی کوردستان، کە بەڕێوەچوونی ستەمی نەتەوایەتی تێیدا دەوری هەیە و، هەروەها دۆخی سیاسی و خەباتکارانەی ئەو کۆمەڵگایە، هندێك ئەرك و تایبەتمەندی بە خەباتی کرێکاران دەبەخشن و هەندێك ئەرکی دیاریکراو دەخەنە ئەستۆی هەڵسووڕاوانی کریکاری، لەوانە:

ئەلف – بەشێکی بەرینی کرێکارانی کوردستان، کرێکارانی وەرزین. ئەم کرێکارانە تەنیا لە هەندێك وەرزی ساڵ دا و ئەویش بە شێوەی سەرەکی لە دەرەوەی کوردستان کار دەکەن. لە وەرزەکانی دیکە دا یان بێکارن یان سەرقاڵی خۆماندوو کردنێکن کە هەر بە رواڵەت لە کار دەچن. لەبەر ئەم هەل و مەرجە تایبەتە، کرێکارانی وەرزی لە زۆربەی ئەو مافانەش کە لە ئێران وەك لانی کەمی مافی کرێکاران ناسراون، وەك بیمەی بێکاری و لەبەرچاو گیرانی پێشینەی کار، بێبەشن. کەوابوو خەبات بۆ ئەوەی ئەم مافانە و بە تایبەت مافی بەهرەمەندی لە بیمەی گشتی و بیمەی خانەنشینی بۆ ئەم بەشە گەورەیەی کرێکاران بە رەسمی بناسرێ، یەکێك لە مەیدانە گرینگەکانی خەباتی کرێکارانی کوردستانە

ب – پرژوبڵاویی ئەو کرێکارانەی لە کارگە چکۆلانەکان دا کار دەکەن هەل و مەرجێك پێك دێنێت کە تێیدا کرێکاران لە حاست خاوەنکاران دەکەونە بارێکی زۆر لاوازتر لە چاو کرێکارانی کارخانە گەورەکان.

هەر ئەمە وادەکا کە خاوەنکاران بە ئاسانی مافیان پێشێل بکەن و، جگە لەوەش، لەبەر ئەوەی بە پێی یاسای کاری کۆماری ئیسلامی، یاسای کار کرێکارانی کارگە چکۆلەکان ناگرێتەوە، پێشێل کردنی مافی ئەم کرێکارانە ئاسانتر دەبێتەوە.

لەم ڕووەوە هەوڵدان بۆ ڕێکخراو بوونی ئەم بەشەی کرێکاران لە سەندیکاکان و ڕێکخراوە پیشەیی‌یە جۆراو جۆرەکان دا بۆ بردنە سەری ئاستی وزەو توانایی خەباتکارانەی کرێکاران و هەوڵدان بۆ باش کردنی هەل و مەرجی کار و ژیانیان بایەخێکی تایبەتی هەیە و ئەرکێکی گرینگی دیکەی خەباتی کرێکاری‌یە.

ج – خەبات بۆڕێکخستنی کرێکاران لەو لقانەدا کە هاوچەشنی‌یەك لە نێوانیان دا هەیە، وەك کرێکارانی شارە داری، کرێکارانی خزمەت گوزاری، کرێکارانی بینا سازی، کرێکارانی تەونکار و هی دیکە، لەسەندیکاکان دا یەکێك لە مەیدانە هەرە گرینگەکانی تێکۆشانی هەڵسووڕاوانی کرێکاری‌یە.

د – دواکەوتوویی ئابووری، هەژاریی بێ‌ڕادە و سنوور و تایبەتمەندی‌یەکانی کاری کۆنتەراتی کە لە کوردستان باوە، بووەتە هۆی پەرەگرتنی کاری‌منداڵان، کە جگە لەوەی بۆ ئەو منداڵانە و بۆ بەرەی داهاتووی کرێکارانی کوردستان زۆر زیانبار و فەوتێنەرە، بە شێوەیەکی زۆر زیانبار کار دەکاتە سەر هەل ومەرجی کاری کرێکاران خۆیان و، پێویستیی خەباتی پەیگیر بۆ بردنە سەری ئاستی هەقدەستەکان لە بەرچاویان کەم ڕەنگ دەکاتەوە و لە جیاتی ئەوە منداڵەکانیان ڕەوانەی بازاڕی کار دەکەن. لەبەر ئەوە، خەبات بۆ قەدەغەکردنی کاری پیشەیی منداڵان و بۆ بەهرەمەندیی منداڵان لە خوێندن و مافەکانی دیکەی منداڵ، یەکێك لە داوا گرینگەکانی چینی کرێکارە و، کۆمەڵە بە ئەرکی خۆی دەزانێ بە شێوەیەکی بەردەوام لایەنەکانی ئەم مەسەلەیە بخاتە بەرچاوی کرێکاران و هەوڵ دەدا ئەم داوایە بکاتە داوایەکی هەمەگری کرێکاری و کۆمەڵایەتی و، بۆ داسەپاندنی ئەو یاسایانە کە پارێزگاری لە منداڵان بکەن تێدە کۆشێ.

ە– بێکاریی بەرین لە کوردستان، کە ئەنجامی قەیرانی ئابووری و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێرانە و، لە هەمان کات دا ئەنجامی هەڵاواردن و سیاسەتی ستەمکارانەی ئەم حکوومەتەیە لە دژی خەڵکی کوردستان، بووەتە یەکێك لە گرینگترین گرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کوردستان و میلیۆنەها کەسی لە پەنجەی خۆی دا گرفتار کردوە.

داوای کار و مافی بەهرەمەندی لە بیمەی بێکاری بۆ هەر کەسێکی ئامادە بەکار و، هەوڵدان بۆ ئەوەی دەوڵەت ئەم مافانە دەستەبەر بکا، ئەرکێکی گرینگی هەڵسووڕاوانی کرێکاری و هەموو لاوان و جەماوەری بەرینی بێکارانە. هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی ئەم جەماوەرە بەرینە لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکاندا لە دژی بێکاری و بۆ بە دووداچوونی ئەم داخوازیانە و هەروەها بۆ پێك هێنانی هاوپشتیی خەباتکارانە، یەکێك لە ئەرکەکانی هەڵسووڕاوانی کرێکاری و هەڵسووڕاوانی کومەڵەیە.

و– داخوازە بنەڕەتی‌یەکانی کرێکارانی ئێران، یانی ئازادیی مانگرتن و ئازادیی پێك هێنانی سەندیکا و ڕێك خراوە کرێکاری‌یە سەربەخۆکان، بۆ کرێکارانی کوردستانیش لە داخوازە سەرەکی‌یەکانن.

* * *

www.iran-archive.com